زنجیرەی ئیسلام و زانست

1

# قورئان و ئاژەڵناسی

قورئان و زانست

5

ئامادەکردنی
سەروەر حەسەن

پێداچونەوەی زانستی
دکتۆر زانا محەمەد



التفسير



# قورئان و ئاژەڵناسی

زنجیرەی قورئان و زانست (٥)

# قورئان و ئاژەڵناسی


ئامادەکردنی

**سەروەر حەسەن**

پێداچوونەوەی زانستی و پێشەکی

**د.زانا حمید محمود**

بەکالۆریۆس لەپزیشکی و نەشتەرگەری ڤێتێرنەری

دبلۆمی باڵا لە وردەزیندەزانی گەردیی

پێداچوونەوەی زمانەوانی

**م. محمد شریف صالح**

بەکالۆریۆسی زمانی کوردی




ناوی کتێب بەکوردی: قورئان و ئاژەڵناسی
ئامادەکردنی: سەروەر حەسەن
پێداچونەوەی زانستی: د.زانا حمید محمود
پێداچونەوەی زمانەوانی: م. محمد شریف صالح
بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
نەخشەسازی ناوەوە: جمعە صدیق کاکە
خەت: نەوزاد کۆیی
بەرگ: أمین مخلص
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٢ك — ٢٠١١ز
تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپیاردنی ( ١٣٢٠ ) ساڵی ٢٠١١ پێدراوە

تفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٢٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل: ٢٢ ٥١ ٦٠ ٤٦٠ ٠٧٥٠ - ٩١ ٧٢ ١٣٨ ٠٧٧٠
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

# ناوەڕۆك

به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی

**بەقەڵەمی د. زانا حمید محمود**

بەدیهێنان و هێنانەکایەی ژیان لە نەبوونەوە بۆ بوون و لە نادیارەوە بۆ دەرکـەوتن، لەسـەر زەوی یان لـە هـەر شـوێنێکی ئـەم گەردوونـەدا بێت، لەخۆیـدا ئیعجـازێکی بـێ هاوتـای خـوای گەورەیـە، جـا لـە سـادەترین زینـدەوەری تـاك خانەییـدا بێـت یـان لـە زینـدەوەرە بـاڵا و خانـە ڕاستەقینەییەکاندا بێت.

لەکاتێکـدا لێکۆڵینـەوە و نیشـاندانی لایەنـە سەرسـوڕهێنەرەکانی نـاو جیهـانی ئـاژەڵ و باڵنـدەکان پانتاییـەکی گـەورە لـە زانسـتی ڕاستەقینەدا داگیردەکـات، لەهـەمان کاتـدا گـەورەیی و دەسـەڵاتی خـوای تـاك و تـەنیا لەخودی ئەو گیانەوەرانەدا نیشـان دەدات... هـەبوونی چـەندین پێکهاتـە و ئەندام و فرمانی سەرسوڕهێنەری ئەو گیانەوەرانـە (بـەخودی مرۆڤیشـەوە) بەتـەواوی بـیری مرۆڤـی سـەرقاڵ کـردووە، تەنانـەت تائێسـتاش زانسـت لەبەرامبـەر بەشـێکی زۆری ئەنـدام و فرمانـەکانی لەشـی گیانەوەرانـدا دەستەوسـان وەسـتاوە و بـە سـەدان و هـەزاران توێژینـەوەی زیاتریـان پێویستە بۆئەوەی نهێنییەکانیان ئاشکرا بکرێت، کە بێگومـان جـار لـەدوای جاریش گەورەیی خوای بەدەسەڵات دووپات دەکەنەوە.

بەوپێیــەی سەرچـاوەکانی ئـاینی ئیسـلام لــە قورئـان وسـوننەت ژمارەیەکی زۆریان لـەو ئاماژە ئیعجازیانـە لـەخۆگرتووە، لـەو سۆنگەیەوە نووسین و وەرگێڕان و ڕوونکردنەوەی بابەت و کتێب و ئەو وانانەی لەبارەی ئیعجـازە زانسـتییەکانی قورئـان و سـوننەت بـە زمـانی شـیرینی کـوردی دەخرێنە بەردەستی خوێنەری کورد، سوودێکی گەورە دەگەیەنن و ئاستی زانستی خوێنەران بەرزدەکەنەوە.

ئامــادەکردنی کتێبـــی (قورئــان و ڕووەکناســی)ش لەلایــەن بــەڕێز "م.سـەروەر حەسـەن"ەوە پانتاییـەکی گـەورەی بابەتـەکانی ئیعجـازی زانسـتی لـە قورئانـدا، بەشـێوەیەکی جـوان و ڕوون و بەپشـت بەسـتن بـە سەرچاوە زانستییەکان، لەخۆگرتووە. ئومێد دەکەم خوای گەورە پاداشتی ماندوبوونی ئامادەکار بداتەوە و خوێنەری کوردیشی لێ بەهرەمەند بکات.

بـەهیوای سـەرکەوتنی ئامادەکـار و ئامـادەکردنی بەرهـەمی زیـاتر لـەم بابەتانەدا.

د.زانا حمید محمود
بەکالۆریۆس لە پزیشکیی و نەشتەرگەری ڤێتێرنەری
دبلۆمی بالا لە وردەزیندەزانی گەردیی
سلێمانی ١٢/ ١ /٢٠١١

# پۆلی ئاژەڵان ( پۆلێنی ئاژەڵان )

قورئـانی پـیرۆز پـۆلێنکردن و دابەشـکردنی ئـاژەڵانی بـۆ چـەند بەشـێك ئاماژەپێـداوە. خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٖ مِّن مَّآءٖۖ فَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ بَطۡنِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ رِجۡلَيۡنِ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰٓ أَرۡبَعٖۚ يَخۡلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾ النـور/٤٥، واتـە: خـوا هـەموو زینـدەوەرێکی لـە ئاوێکی تایبەت دروستکردووە، جا هەیانە لەسـەر سـکی دەڕوات، هەشـیانە لەسەر دوو قاچ دەڕوات، هـەروەها هەیانـە لەسـەر چـوار پـێ دەڕوات، خـوا هەرچـی بوێـت دروسـتیدەکات، بەڕاسـتی خـوا دەسـەڵاتی بەسـەر هـەموو شتێکدا هەیە.

یـــان دەفـــەرموێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ﴾ الانعـام/٣٨، واتـە: هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەك بە باڵەکانی بفڕێت و ئەوانیش ئوممەت و گەلێك نەبن وەك ئێوە (دڵنیابن) هـیچ شـتێك نییـە پشـت گوێمـان خسـتبێت لـە کتێبـە (تایبەتییەکـەی لـوح المحفـــوظ)دا، لـــەوەودوا هەرهـــەموو ئەوانـــە بـــۆلای پـــەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە.

زانای بایۆلۆجی ئەمریکی "Artur L. Koch" لە زانکۆی (ئیندیانا) لـە کتێبـی ( The bacteria; Their origin, structure. Function and antibiosis"دوای وردبوونەوە لە سیستەمی ئـاڵۆز و پـڕ وردەکـاری

ئەنزیم و پرۆتینە تایبەتییەکان و ژمارەی بێشوماریان لە تاکە خانەیەکدا، تەنها یەك بیرۆکە بە بیری مرۆڤێکی ژیردا دێت (دەربارەی دروستبوونی ژیان) کە هەرگیز ناکرێت ئەو هەموو ڕێکوپێکی و سیستمە نایابە هەر لەخۆوە و بەڕێکەوت بەدیهاتبێت، ئیتر لەهەر ژینگەیەکدا بێت و هەر شرۆڤەو لێکدانەوەیەکی فیزیایی و کیمیایی بۆ بکرێت و چەندیش کاتی خایاندبێت.

لەڕاستیدا دوو بیرکردنەوەی جیاواز دەربارەی سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران (بە تاك خانەکانیشەوە) هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە خوای گەورە ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی بەو هەموو ئاڵۆزی و وردەکارییەوە لەسەر زەوی ئافراندووە، کە هەریەکەیان خەسڵەت و تایبەتمەندی و زیندەچالاکی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەهیچ شێوەیەك جۆرێکی سەربەخۆ لەجۆرێکی تری جیاواز لەخۆیەوە دروستنەبووە.

بۆچوونی دووەم پێیوایە ژمارەیەك کارلێکی کیمیایی هەڕەمەکی دواییەك ڕوویانداوە و دووپاتبوونەتەوە، تا لەکۆتاییدا خانەیەکی زیندووی لێ بەرهەمهاتووە.

لێرەدا وردبوونەوەیەك پێویستە، ئەگەر زۆربوون و گەشەی تاکەخانە چالاکبوونی هاوکاتی هەزاران ئەنزیمی پێویست بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕوودانی ڕێکەوتێکی لەوجۆرە (کە بۆچوونی دووەم بانگەشەی بۆ دەکات)، ئەستەمێکی زۆر دوورە.

بوون و گەردوون ملکەچی ڕێساگەلێکن کە زاتێکی مەزن و بەدەسەڵات ئافراندوونی، ئەویش (الله)یە، ئەو خوایە لەتوانایدایە ژمارەی زۆر و زەوەندەی زیندەوەران، بەو هەموو شێوە و قەبارە و تایبەتمەندییە جیاوازانەوە، بەدیبهێنێت.

تاکە سیستمێك لـە بـەناو یاسـای ڕێکەوتـدا بـوونی هـەبێت، ژمارەیـەکی ئێگجار زۆری دووپاتبوونەوەیە کە بـۆ دروسـتبوونی یەکـەم خانـەی زینـدوو پێویستە، دواتریش هەر بەڕێکەوت گەشـە بکـات و گـەورە ببێـت و بـازدانی تێدا ڕووبدات و شێوەی جیاوازی لێوە پێکبێـت، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە بـۆ هەریەك لـە خەسڵەتەکانی خانـە ملیۆنـان کـارلێکی کیمیـایی و کاریگـەریی نیشانە و ڕیزبـوونی کۆدەکـان و دابەشـبوونی خانـەکان (لـە فرەخانەکانـدا) پێویستن... بۆیـە دەبێـت ئـەو هـەموو گۆڕانکارییـە ورد و پـڕ یاسـایانە لـە ڕێکەوتدا کۆببنەوە و ئەوەش لە ئەستەم ئەستەمترە و ئەقڵی ژیر و هۆشیار ڕێکەوتی کـەڕ و کـوێر ڕەتدەکاتـەوە و دڵنیایانـە بـوونی بەدیهێنـەری توانـا (الله) پەسەند دەکات."

شانشینی ئاژەڵان چەندین جۆری تێدایە، هەیانـە لەسـەر سـکی دەڕوات وەك خشۆکەکان و هەیشە لەسەر دوو پـێ دەڕوات وەك مـرۆڤ. لـەوجۆرەش کە لەسەر چوار پێ دەڕوات وەك زۆربەی ئاژەڵان... خەڵك دیمـەنی جوڵـەی ئاژەڵانیان بینیوە و هیچ سەرسـامییان بەرامبـەری نـەبووە، بـەڵام زانایـانی سـەرقاڵ بـە بـواری زینـدەوەرزانی، لـەدوای پشـکنین و سـەرنجدان و شیکارییەوە، دەرئاساکانی بەدیهێنان و وردیـی دروسـتکردن دەبیـنین، کـە هـەر جـۆرە هاوکـاریی گونجانیـان لەگـەڵ بـژێویی و ژیانیانـدا دەسـتەبەر دەکـەن. خــوای مــەزن دەفــەرموێت: ﴿وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَابَّةٍ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾الجاثیـة/٤، واتـە: لـە دروسـتکردنی ئێـوەدا، هـەروەها لـەو هـەموو زیندەوەرە جۆراوجۆرانەی کە لەسەر زەوی و ژێر زەوی و ناو ئـاودا هـەن و بڵاویان دەکاتەوە بەڵگە و نیشانە هەن لەسەر دەسەڵاتی خوا بـۆ کەسـانێك کە دڵنیان و باوەڕی دامەزراویان هەیە.

زانایـــانی زینـــدەوەرزانی لـــەڕێی لێکۆڵینـــەوەی ژیـــانی کۆمەڵایـــەتی ئاژەڵانەوە، سا لەوانەی لەسـەر زەوی دەجـوڵێن، یان بەئاسمانـدا دەفـڕن، یاخود لە ئاودا مەلەدەکەن، بۆیان دەرکەوتووە کە ئـەوانیش گـەل و هـۆز و نەتەوەگـەلێکن و پەیوەنـدی تونـدوتۆڵ و پتـەو پێکیانـەوە دەبەسـتێت، شێوازی ژیان و چالاکییان جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ کە سـەر زەوی ئاوەدان دەکەنەوە.

زانایانی زیندەوەرزانی و توێکاریی دانراوی زۆریان هەیە و ئەو زانیاری و ڕاستییانە لـەخۆدەگرن کـە لـەبارەی سیسـتمی هـەر جۆرێك لـە شانشـینی ئاژەڵاندا پێیکەیشـتوون، بـەجۆرێکی ئـەوتۆ کـە هـیچ گومـان و دوودڵییـەك ناهێڵنەوە لەسەر ئەوەی ئـاژەڵانیش نەتـەوەگـەلێکی وەك مـرۆڤن، لـەدۆخی شەڕ و ئاشتیدان، هەوڵ بۆ بەدەستخستنی خۆراك دەدەن، چاودێری بێچوو و لاوازەکان دەکەن، هەروەها پـەنا بـۆ فێـڵ و تەڵەکـە دەبـەن بـۆ زاڵبـوون بەسەر ناڕەحەتی و مەترسییەکاندا. وێڕای هەڵبژاردنی سروشـتێك بۆخۆیـان کە لەگەڵ پێکهاتە و ژینگەکەیاندا گونجاو بێت.

# سوودەکانی مەڕومالآت

دەربارەی بەدیهێنانی ئاژەڵان و زیندەوەران، هەروەها ئـەو ئامانجانـەی لەپێناویانـدا بـەدیهێنراون، خـوای گـەورە لـە پەرتوکـە پـڕ دەرئاسـاکەیدا دەفـــــــەرموێت: ﴿ وَٱلْأَنْعَٰمَ خَلَقَهَا ۗ لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَٰفِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٥﴾ وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ ﴿٦﴾ وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُوا۟ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلْأَنفُسِ ۚ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾النحل/٥-٧، واتە: مالآتی دروستکردووە بـۆ خزمـەتی ئێـوە، (لـە خـوری و مـوو و پێسـتیان جۆرەهـا پۆشـاك و ڕایـەخ دروسـتدەکەن) کـە گەرمیتان پێدەبەخشێت (لە سەرما و سۆڵەدا)، هـەروەها جۆرەهـا سـوودی تـری لێـوەردەگرن لـە شـیر و گۆشتەکەیشـی دەخـۆن. کـە لـە ئێـوارەدا مالآتەکان دەهێننەوە (بە تێری و شیرەوە)، لـە بەرەبەیانەکانیشـدا کـە لـە ماڵ دەریاندەکەن، دیمەنێکی جوانتان بۆ دەنوێنن. هەندێك لەو مالآتانە بـار و کەلوپـەلی سـەنگینتان هەڵـدەگرن بـۆ ولآت و شـوێنێك کـە ئێـوە دوای زەحمـەت و مانـدوبوونێکی زۆر نـەبێت پێـی نەدەگەیشـتن. بەڕاسـتی پەروەردگارتان زاتێکی زۆر بەسۆز و میهرەبانە.

یان دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرْشًا ۚ كُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾الأنعام/١٤٢، واتـە: (هـەر خوا) هەندێك لە مالآتی بۆ ئێوە ڕامهێناوە کە بۆ باربردن بەکاریان دەهێـنن (لە خـوری و مـووی هەنـدێکی تریـان) فـەرش و ڕایـەخ دروسـتدەکەن و بـۆ

سواریش هەندێکی تریان بەکاردەهێنن، دە بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییەی کە خـوا پێـی بەخشـیوون، نەکەن شـوێن هـەنگاو و (نەخشـە و پلانـەکانی) شەیتان بکەون، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە.

هـەروەها پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمۡ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ بُيُوتًا تَسۡتَخِفُّونَهَا يَوۡمَ ظَعۡنِكُمۡ وَيَوۡمَ إِقَامَتِكُمۡ وَمِنۡ أَصۡوَافِهَا وَأَوۡبَارِهَا وَأَشۡعَارِهَآ أَثَٰثًا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾ النحل/٨٠، واتە: هەر خوایە (کە هەموو شتێکی بۆ ڕەخساندوون تـا مـاڵ و خانووبـەرە دروسـت بکـەن) ماڵەکانتانی بۆ کردوون بەهۆی ئارامگرتن و حەوانەوە و لـە پێسـت و مـووی مـالاتیش دەتـوانن شـوێن و جێگـا بۆخۆتـان بسـازێنن، پاشـان لـەکاتی کۆچـتاندا بەئاسـانی بیگوێزنـەوە، لـەکاتی نیشـتەجێ بوونتانـدا بەئاسـانی هەڵی بدەن و لە خوری و کوڵك و موەکەی، دەتوانن کەلوپـەل و شـتومەك بۆخۆتان دروستبکەن و تا ماوەیەك سوودیان لێوەربگرن.

﴿ وَإِنَّ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةٗۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيۡنِ فَرۡثٖ وَدَمٖ لَّبَنًا خَالِصٗا سَآئِغٗا لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾النحل/٦٦، واتە: بەڕاستی لە بوونی مالات و (زیندەوەرانی جۆراوجۆردا) پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆتـان و جێگـای سـەرنج و تێڕامانسە، لەنێوان ئەو شتانەی کە لە سکیاندا هەیە، لە گژوگیای هەرسکراو و خوێنـدا شـیرێکی پـاك و بێگـەرد و خـۆش و بـەتام بەرهـەم دەهێنێـت بۆ ئەوانـەی دەیخۆنەوە.

﴿وَإِنَّ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةٗۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٞ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيۡهَا وَعَلَى ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ﴾المؤمنـون/٢٠-٢١، واتـە: بەڕاسـتی بـەدیهاتنی مـالاتیش جێگـای سـەرنج و پەنـدە بۆتـان (کـە وردبینـەوە و

بەدیهێنەری جوانکار بناسن) جا لەوەی کە لە سکیاندا بەدیدێت (مەبەست شیرە) دەرخواردتان دەدەین و زۆر کەڵکی تری بۆتان هەیە (لە پێستیان، لە خوری و موویان...هتد) هەروەها لێشیان دەخۆن. لەسەر پشتی هەندێك لەو گیاندارانەش هەڵدەگیرێن و لەسەر کەشتییەکانیش.

﴿ اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴾غافر/٧٩-٨١، واتە: هەر خوایە کە ماڵاتی بۆ ئێوە ڕامهێناوە تا هەندێکی بۆ سواری بەکاربهێنن و هەندێکیشی بۆ خۆراك سوودی لێ وەربگرن. هەروەها سوودی زۆری ترتان دەست دەکەوێت لەو ماڵاتانەدا، بۆئەوەی بەسواری ئەوانە بگەنە ئەو شوێنانەی نیازتان لەدڵدایە بیگەنێ و کاروباری خۆتان ئەنجام بدەن، جا بەسواری ئەو ولاخانە و کەشتیش هەڵدەگیرێن.

ئەو ئایەتە پیرۆزانە ئاماژە بەوە دەدەن کە ماڵات لە چەندین ڕووەوە سوودیان بۆ مرۆڤ هەیە، لەوانە:

بەرهەمهێنانی شیر: ﴿نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهَا﴾.

بەرهەمهێنانی گۆشت: ﴿وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾.

بەکارهێنانی لە کاردا: ﴿وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ﴾.

هەروەها کۆمەڵە سوودێکی تر: لە دروستکردنی کوڵك و پۆشاك و پێست و موودا... هتد. ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ جُلُودِ الْأَنْعَامِ بُيُوتًا﴾، ﴿وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ﴾.

ئەو ڕوانەی باسکران لە سوودگەلی ئاژەڵان، زانستی بـەروبوومی ئـاژەڵی کردوویەتیە ئامانجێکی سـەرەکی، زانایـانی پسـپۆڕی ئـەم بـوارە ئەوپـەڕی کۆشش بۆدەستەبەرکردن و زیادکردنی ئەو بەرهەم و سوودانە دەکەن.

دواجـار زانسـت وێکچـووی قورئانـە لـەو بەکارهێنانـەدا کـە لەئایەتـە پیرۆزەکاندا ڕوون کراونەتەوە.

# جۆرەكانی ماڵات

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۖ مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ نَبِّـُٔونِي بِعِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٤٣﴾ وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَاۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيۡرِ عِلۡمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾الأنعـــام/١٤٣-١٤٤، واتـــە: (خوای گەورە) هەشت جووت ماڵاتی (بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستكردووە) لە مەڕ جووتێك و لە بزنیش جووتێك (ئەی موحەممەد ﷺ) بەو نەفامانە بڵێ كە هەر لەخۆیانەوە شت حەرام دەكەن) ئایا خواردنی گۆشتی نێرەكانی حەرام كردووە یان مێیەكانیان ئەوەی كە لەسكی مێیەكاندا هەیە؟ ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن و بەڵگەیەكی زانستیتان هەیە، بۆمان ڕوون بكەنەوە؟! هەروەها لە وشتر جووتێك و لە ڕەشەوڵاخیش جووتێك، (دووبارە پێیان بڵێ: ئایا خواردنی گۆشتی نێرەكانی حەرام كردووە یان مێیەكان، یان ئەوەی كە لە سكی مێیەكاندا هەیە؟! یاخود ئێوە (وا دیارە) شایەت بوون و لەوێ بوون كاتێك خوا بڕیاری بەوجۆرەی بۆدان؟! جا ئیتر كێ لەوە ستەمكارترە كە درۆی بەدەم خواوە هەڵبەستووە تا بەبێ زانست خەڵكی سەرلێشێواو بكات، بەڕاستی خوا هیدایەتی دەستەی ستەمكاران نادات.

لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا خوای مەزن ئاژەڵانی بە هەشت جووت دیاریكردووە، واتە: چوار كۆمەڵە، كە هەر كۆمەڵەیەكیان لە نێر و مێ

پێکـدێن، چـوار کۆمەڵەکـەش بـریتین لـە: مـەڕ، بـزن، وشـتر و مانگـا (ڕەشەوڵاخ).

هەروەها ئەو دوو ئایەتە باس لە بێباوەڕان دەکات کە هەندێك جۆر یان تاکی ئاژەڵان حەرام دەکەن بەبێ بەڵگەیەکی دروست و پەسەند، ئەمەش بەڵگەی نەزانی و نەفامییانە.

یەکێك لـە پۆلێنـەکانی ئـەو مـەڕ و ماڵاتانـە لـە زانسـتی زیندەوەرزانیـدا بەمجۆرەیە:

١. پۆلی وشتر: کە وشتری یەك کۆپار و دوو کۆپار دەگرێتەوە.

٢. پۆلی مانگا (ڕەشەوڵاخ): کە کۆمەڵێك ئاژەڵی زۆر دەگرێتـەوە کـە لـە هەموو جیهاندا بڵاون.

پۆلی ڕەشەوڵاخ: مانگا و گامێش و ئەم جۆرانە دەگرێتەوە.

٣. مەڕ و ماڵاتـەکان لەپێشـەوەی ئـاژەڵانی تـردان لـەڕووی زەوەنـدەیی سوودەکانیانەوە. قورئان ئەمەی تۆمارکردووە و زانستیش سەلماندوویەتی.

ئەمە مەڕ و ماڵات کە لەقورئانی پیرۆزدا باسکراون، زانستی نوێ هاتووە تاکو ناوەڕۆك و بەشەکانی بەدیار بخـات... کەسێك تەئـەمولی تێدا بکـات ناتوانێـت نـەڵێت: پاکوبێگـەردی بـۆ ئەوخوایـەی ئـەم هۆکـارەی بـۆ بەگەڕخستین گەرچی توانامان نـەبوو بـۆی (سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ).

# بەدیهێنانی سەگ

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۚ فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾الأعراف/١٧٦، واتە: خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بە زەوییەوە و (دەستی کرد بە دونیاپەرستی و) شوێن ئارەزووی خۆی کەوت، جا نموونەی (ئەو جۆرە کەسانە) وەکو نموونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پیایدا هەڵبشاخێیت هەناسەبڕکێیەتی (زمان دەردەکێشێت)، یاخود ئەگەر وازی لێبهێنیت ئەوا هەر هەناسەبڕکێیەتی، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانیوە و بڕوایان پێی نەبووە، کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆئەوەی (دابچڵەکێن و) بیربکەنەوە.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا زانیارییەك دەربارەی سەگ هاتووە کە دوای چواردە سەدە لە دابەزینی ئایەتەکە ئینجا دەرەنجامە زانستییەکان دەریانخست و ئاشکرایان کرد.

زانستی نوێ لەم دوادواییانەدا ئاشکرایکرد کە سەگ ئارەقەڕژێنی نییە جگە لە کەمێك نەبێت لەبنی پێیدا، ئەمەش بەس نییە بۆ دابەزاندنی پلەی گەرمی لەشی. دیارە کە کاری ئارەقە ڕژێنەکان (بە دەردانی ئارەق) پلەی

گـــەرمی ڕووی دەرەوەی زیندەوەرەکـــە لەگـــەڵ ژینگـــەی دەوروبـــەری دەسازێنێت.

لەبەرئەوەیـە سـەگ، بـەهۆی ئـەوەی وەك ئـاژەڵانی تـر ئارەقـەڕژێنی تەواوی نییە، لەڕێی دەرکێشـانی زمانیـەوە بـە هەناسـەبڕکێ پلـەی گـەرمی لەشـی دادەبـەزێنێت، بـەهۆی هەناسـەبڕکێیەکەیەوە زۆرتـرین ڕووبـەری بۆشایی دەم و زمانی بەرکەوتەی هەوا دەبن. شایانی باسە سەگ ئەو کارە دەکات، لەپشوودا بێ یان لەکاتی ماندووبوونیدا.

# ڕەنگی مانگاکە

لە سورەتی (البقـرة)دا چیرۆکی ئـەو مانگایـە دەخوێنینـەوە کـە خـوای مـەزن فـەرمانی بـە نەتـەوەی موسـا (سـەلامی خـوای لێبێـت) دەدا سـەری ببڕن... لە چیرۆکەکەدا و لەمیانەی گفتوگۆی نێوان موسـا و نەتەوەکەیـدا باس لە ڕەنگەکەشی دەکرێت.

خـوای مـەزن لەسـەر زمـانی موسـا پێغەمبـەر (سـەلامی خـوای لێبێـت) دەفـــەرموێت: ﴿قَالُوا ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا ۚ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ﴾البقرة/٦٩، واتە: وتیـان: داوا لـە پـەروەردگارت بکـە بـزانین ڕەنگـی چـۆنە؟ موسـا وتـی: بێگومـان خـوا دەفـــەرموێت: ئـــەو مانگایـــە مانگایـــەکی ڕەنـــگ زەردی (تۆخـــە ! !)، تەماشاکارانی دڵخۆش دەکات.

هەر لەسەر زمـانی (موسـا) وە بـە نەتەوەکـەی دەفـەرموێت: ﴿قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ الْأَرْضَ وَلَا تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا ۚ قَالُوا الْآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ ۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا يَفْعَلُونَ﴾البقرة/٧١، واتە: موسا وتـی: بەڕاسـتی خـوا دەفـەرموێت: ئـەوە مانگایەکـە هێشـتا ڕانـەهێنراوە زەوی بکێڵێت و جووت بکات، ئـاودێری کشـتوکاڵیش ناکـات، هـیچ نـەنگی نییـە و یەک ڕەنگە و هیچ پەڵەیەکی تێدا نییە. ئەوسا وتیان: ئا ئێستا ئیتر هـەواڵی

ڕاستەقینەت پێداین، (ئیتر دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەدەستیان هێنا و سەریان بڕی، هەرچەندە خەریك بوو ئەو کارەش نەکەن.

یەکێك لە ڕایە پەسەندەکان لە پزیشکی ڤێتێرنەریدا ئەوەیە: "باشترین و چاکترین مانگا ئەوەیە کە ڕەنگەکەی زۆر زەرد و بێگەرد بێت، ڕەنگەکەی بێگەرد بێت و سەلامەتی ددانەکانیش تەندروستی مانگاکەن".

هەروەها لە نیشانەکانی جۆرچاکی و باشییەکەی تۆز هەستاندنیەتی لە جێ پێیەکانیەوە لەکاتی ڕێکردنیدا، ئەوەش بە کاریگەریی هێز و توندییەوە. کار و ماندوویەتیشی نەبینیبێت لە کێڵانی زەوی و کارە کشتوکاڵییەکاندا.

زانستی نوێ ئاشکرایکرد: "ڕەنگی زەرد لە ئایەتەکەدا دەلالەتی تایبەتی هەیە، ڕوون بووەتەوە کە بۆ بینینی ڕەنگی زەرد پێویست بە هێزی هاوێنە ناکات، واتە: بەبێ ماندووبوونی چاو، هەر خۆی ڕاستەوخۆ لەسەر تۆڕەی چاو کۆدەبێتەوە. لەکاتێکدا کە مەسەلەکە جیاواز دەبێت (بۆنموونە بۆ ڕەنگی سوور) هاوێنەی چاو پێویستی بە هێز و توانایی هەیە بۆ بینینی ڕەنگی سوور.

ئەمە وەهامان لێدەکات لەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز تێبگەین کە ئاماژە بە ڕەنگی زەرد دەدات (بەدیاریکراوی ڕەنگی زەرد): ﴿صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴾.

# جەستەی ئەسپ

لـەم دوادواییانـەدا زانسـتی نـوێ دووپـاتیکردەوە: لـەپێناو هەڵبـژاردنی چـاکێتی و ڕەسـەنێتی ئەسـپ، پێویسـتە پشـکنینی ڕواڵـەتیی بـۆ بکرێـت، کۆڵەکـەی ئـەو پشـکنینەش ئەوەیـە ئەسـپەکە ناچـاربکرێت تـا ماوەیـەك غاربدات و لەکاتی ڕاکردن و غارغارێنیدا چاودێری بکرێت.

ئـەم کـارە بـۆ زانینـی سـەلامەتی ئەندامـەکانی جەسـتەی ئەسـپەکە بەسوودە، وێڕای پێ و قاچەکانی و هەمئاهەنگییان لەگەڵ بەشـەکانی تـری لەشـیدا. لـەپاش غارغـارێن و ڕاکردنەکـە لێـدانی دڵـی ئەسـپەکە دەگیرێـت لەگەڵ پشکنینی لاقەکانی، ئەوەش بە مەبەستی زانینی ڕادەی توانـایی بـۆ ڕێ ڕۆیشتن و ڕاکردن و غاردان.

هـەر ئەوەیـە کـە قورئـانی پـیرۆز لـە چـیرۆکی سولەیمان پێغەمبـەردا (سەلامی خوای لێبێت) ئاماژەی پێداوە. سولەیمان پێغەمبەر پشکنینی بـۆ ئەو ئەسپانە کـرد کـە بـۆ یەکـەمین جـار پێشـانی دران، ئـەو فـەرمانی کـرد ناچاری ڕاکردن و ڕێ ڕۆیشـتن بکـرێن تـا دوورتـرین دووری، لـەدوای لەچـاو ونبوونیان داوای کرد یەکسەر بۆ هەمان جێگا بگێڕدرێنەوە.

دوای ئەوەی ئەسپەکان گەیشتنەوە جـێ، پشـکنینی خوێنبـەرەکانیانی کرد بۆ زانینی لێدانی دڵیان، پاشان ڕوانییە لاقەکان و پێیەکان تاکو لەدوای ئەو جوڵە زۆرەیانەوە حاڵ و کاریگـەربوونیان بزانێـت. ئـەو زانیارییانـە لـەم ئایەتە پیرۆزانەدا ڕوون و ئاشکران، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِذْ عُرِضَ

عَلَيْهِ بِٱلْعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴿٣٢﴾ رُدُّوهَا عَلَىَّ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴾ص/٣١-٣٣، واتە: کاتێك دەمەوئێوارە ئەو ئەسپە چاکانەی بۆ غەزا ئامادەکرابوون هێنانیان و لەپێش چاویدا نمایشکران. ئینجا وتی: من هەمیشە حەز لەمجۆرە کارانە دەکەم و گرنگیدان بەم ئەسپانە بەخێر دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ببنەهۆی ئەوەی لە یادی پەروەردگارم بێئاگام بکەن و یادی فەرامۆش بکەم، ئەسپەکان غاریان کرد تا لەچاو ونبوون. لەوەودوا سولەیمان فەرمانیدا بیانگێڕنەوە و کە گەڕانەوە بۆلای دەستی بە ڕان و ملیاندا دەهێنا.

بەمجۆرە دەبینین وەسفی ورد و زانستی و پشکنینی پزیشکی ڤێتێرنەری سەلمێنەری ئەو زانیارییانە دەبن کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێدراوە.

# مێـــــش

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُواْ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴾ الحج/٧٣، واتە: ئـەی خەڵکینـە! نموونەیـەك هێنراوەتـەوە چاك گـوێی بـۆ بگرن! بەڕاستی ئەوانەی لەجیاتی خوا هانـا و هاواریـان لێدەکـەن، هـەرگیز ناتوانن تاکە مێشێك دروست بکەن، هەرچەندە بـۆ ئـەو کـارە کۆببنـەوە، و ئەگەر مێشەکە شتێکیان لێ بفڕێنێت ناتوانن پێـی بـزانن و لێـی بسـەننەوە، لەڕاسـتیدا هـەم بتـەکان لاواز و هـیچ لێنـەهاتوون، هـەم مێشـەکەش لاواز و بێهێزە.

لێکۆڵـەرانی زانسـتی مێرووەکـان دۆزیانـەوە کـە مـێش لیکـەڕژێنی زۆر دەوڵەمەند بە لیکی هەیە و تەنها بـەوەی مێشـەکە خواردنێـك دەخـوات زۆر بەخێرایی و یەکسـەر بڕێکی زۆر لیکـی بەسـەردا دەڕژێـت و دەسـتبەجێ بـۆ ماددەیەکی تر دەیگۆڕێت، هەر بۆیە کاتێـك مـێش خواردنێکمان لێ ببـات و بمانەوێت لێی بسەنینەوە، هەرگیز ناتوانین.

# ماڵی جاڵجاڵۆکە

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾العنكبوت/٤١، واتە: نموونـەی ئەوانـەی جگـە لـە خـوای گـەورە کەسانێکی تـر دەکەنـە پشـتیوانی خۆیـان، وەك نموونەی جاڵجاڵۆکەیەك وایە کـە ماڵێـك بـۆ خـۆی سـازبکات (بـە مـەرجێك) نابودترین و لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە، ئەگەر سەرنجی بدەن و لێـی تێبگەن.

لە ئایەتەکـەدا هـاتووە لاوازتـرین مـاڵ (بیـت العنکبـوت)ـە نـەك (خـیط العنکبوت)، واتە ماڵی جاڵجاڵۆکەیە نەك ڕایـەڵی جاڵجاڵۆکـە، چـونکە دەزوو (یان ڕایەڵ)ی جاڵجاڵۆکە (وەك ئەوەی لە زانستدا سەلمێنراوە) بەهێزترە لە دەزوویەکی ڕەقی لـە ئاسـن دروسـتکراو کـە هـەمان ئەسـتووریی و درێـژیی هەبێت بە چـوار ئەوەنـدە، بۆیـە لاوازییەکـە لـە مـاڵی جاڵجاڵۆکەدایـە نـەك ڕایەڵەکەی.

مـاڵی جاڵجاڵۆکـە شـوێنگەی تیاچـوون و کوژرانـە بـۆ ئەهلەکـەی، هـەر لەدوای جوتبوون (تلقیح) مێیەکە نێرە دەکوژێت، هەڵبەتە ئەگەر لەدەستی ڕانەکات، هەروەها بێچوەکانیش ئەگـەر لـە دەسـتی ڕانەکـەن هـەر لـەدوای هەڵهێنان (فقس) یەکسەر دەیانخوات. بەڕاستی ماڵی جاڵجاڵۆکە جوانترین و ڕەوانبێژترین نموونەی زانستییە بۆ خراپیی شوێنگە و بەدیی سەرەنجام.

لـە گۆڤـاری (Kosmos)ی ئـەڵمانی لـە شوباتی ١٩٨٤دا وتـارێکی زانسـتی (لـە ڕاسـتیدا دۆزینەوەیـەکی زانسـتی) دەربـارەی جاڵجاڵۆکـە بڵاوکراوەتـەوە، تیایـدا هـاتووە: پسـپۆڕەکان ئاشـکرایانکرد کـە مێیـەی جاڵجاڵۆکە هەڵدەستێت بە تـەنینی تـۆڕی جاڵجاڵۆکـەیی و نێـرە ئـەم کـارە ئەنجام نادات. قورئانی پیرۆزیش زۆر پـێش زانسـت باسـی ئـەم ڕاسـتییەی کـردووە، وەك لـە ئایەتەکـەدا هـاتووە: ﴿...كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتۡ بَيۡتًاۖ...﴾.

وشەی (العنكبوت) بۆ نێرە و مێیەی جاڵجاڵۆکەش هەر بە هەمان شێوە بەکاردێت، بەڵام لە ئایەتەکـەدا بـاس لـە مێیـەی جاڵجاڵۆکـە کـراوە کـە بـە کارەکە هەڵدەستێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی (تاء التأنيث) (کـە ئاشـکرایە لە زمانی عەرەبیدا بۆ ڕەگـەزی مـێ بـەکاردێت) و لـە وشـەی (ٱتَّخَذَتۡ ) دا دیارە.

لەگەڵ ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا و لەکاتی قسەکردن دەربارەی پۆلێك زیندەوەر بەگشتی و بۆ ڕوونکردنەوەی یەکێك لـە سـیفەت یـان نەریتـەکانی ئەو پۆلە دەستەواژەی نێر بەکاردێت، ئەمەش واتە قسەلێکردن یان وەسفی پۆلەکە بەگشتگیری بە (التأنيث) واتە بـە مـێ (وەك لـە ئایەتەکـەدا دیـارە) تـەنها و تـەنها بـۆ پێویسـتی یـان جیاکردنـەوە و هەڵاوێردنـە. کەواتـە لـە مـەفهومی وشـەی (ٱتَّخَذَتۡ )دا دەردەکـەوێت کـە نێـرەی جاڵجاڵۆکـە تـۆڕ ناتەنێت، بەڵکو مێیە ئەو کارە دەکات.

کۆتـایی ئایەتەکـە بـە دەسـتەواژەی (لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ) دێـت، وەك ئامـاژە بـەوەی ئـەم زانیارییـە لەدوایـیدا زانسـت ئاشـکرای دەکـات... ئاشکرایشە ئەم نهێنییە بایۆلۆژییانە لەم دوادواییانەدا زانران.

# وشـــــــتر

خـــوای مــــەزن دەفــــەرموێت: ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾ الغاشية/١٧، واتە: ئایا سەرنجی وشتر نادەن چۆن دروستکراوە.

کاتێك سەرنجی پێکهاتەی جەستەی وشـتر دەدرێت، بەڕاسـتی جێگـای سەرسـامی و تێڕامانــە و بەڕاسـتیش مــەزنی پــەروەردگار لــە بەدیهێنانیـدا دەردەکــەوێت لــەو هــەموو نایـابی بەدیهێنانــەی لــە لەشـی ئــەم ئاژەڵــەدا بەدیهێناوە.

وشتر بەوە ناسراوە کە ئارامگرە و بەرگەی کـاری ناڕەحـەت دەگرێـت و دەتوانێـت مـاوەی دووری بیابـان ببڕێـت و بەرگـەی برسـێتی و تینـوێتی دەگرێت، بەڵام بەرگەی سەرمای زۆری زستان ناگرێت.

وشتر دەتوانێت بۆماوەیەکی زۆر بـەبێ خواردنـەوەی ئـاو، مـاوەی دوور ببڕێت، لەو هۆکارانەی وادەکەن وشتر ئەو خەسڵەتەی هەبێت، ئەمانەن:

١. وشـتر دەتوانێـت پلــەی گــەرمی لەشـی خـۆی بگۆڕێـت و دەتوانێـت بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرگەی بێئاویی بگرێت. لە کەشە گەرمەکاندا و لەژێر بارودۆخی کارکردنی زۆردا زۆربـەی ئـاژەڵان زۆرینـەی ئـەو ئـاوەی لـە لەشـیاندایە لـەڕێی دەرکردنـی ئارەقــەوە دەیکەنـە دەرەوەی لەشـیان، بـۆ پارێزگاریکردنی پلەی گەرمی لەشـیان، بـەڵام وشـتر لـەجیاتی ئەمـە بـەڕۆژ گەرمی دەمژێت و بەشەودا خۆی لێ ڕزگار دەکات.

٢. گەرمی لەشـی دەگۆڕێـت لـە (٩٣ – ١٠٤ پلـەی فـەهرەنایت) لـەدوای نیوەڕۆ... ئەوەش بۆ دابەزاندنی پلەی گەرمی لەشی پێویستی بە دەردانـی هەندێك ئارەق هەیە، بەڵام بە بڕێکی زۆر کەمتر وەك لە ئاژەڵانی تر.

٣. کاتێـك وشـتر لـەڕۆژدا قورسـایی هەڵـدەگرێت، دەبێـت بڕێکـی زۆر لەئارەق و شێ ون بکـات، مـرۆڤ بەشـێوەیەکی سروشـتی ١٠٪ی کێشـەکەی لـەکاتی گـەرمی زۆردا ونـدەکات، بـەڵام وشـتر ٢٠٪ی کێشـەکەی ونـدەکات بەبێئەوەی هیچ لە هێز و توانای کەم بکات.

٤. خوای گەورە جۆرێکی تایبەتی خوێنی بەم ئاژەڵە بەخشیوە، بەوەی کە هەندێك لە شلەکەی لە ڕێڕەوەکانی خوێنیدا کەم دەکـات، کـە بۆمـاوەی چەند ڕۆژێکی یەکلەدواییەك ئاو نەخواتەوە.

خوێنی مرۆڤ و ئاژەڵەکانی تر بەبێ ئاو جۆرێکیان لێدێت کە ناڕەحەت لە سـوڕی خوێنـدا دابـەش بـبن، بـەڵام خڕۆکـە سـوورەکانی خـوێنی وشـتر هێلکـەیین و بڕێـك لـە سـۆدیۆم و پۆتاسـیۆمیان تێدایـە و بـەوەش لـەو مەترسییە بەدوور دەبێت.

لـە مەسـەلە و پێکهاتنـە سەرسوڕهێنەرەکانی تـری بـەدیهێنانی وشـتر، کەمێکی، ئەمانەن:

قاچەکانی وشتر بە سمێکی ئیسـفەنجی کۆتاییـان دێـت کـە لـە ڕۆیشـتن بەسـەر لمـدا یارمـەتی دەدات. هـەر لەشـێوەی ئەوانـەش دوان لەسـەر ئەژنۆکانی پەلەکانی پێشـەوەی و دوانـیش لەسـەر ڕانـەکانی و یـەك دانـەی گەورە لە ژێرەوەی سنگیدا هەن.

وشـتر ددانـی بـەهێز و پـووك و قـورگ و لایـەکانی دەمـی بەشـانەی داپۆشەری ئەستوور داپۆشراون کە خواردنی زبر کاریان تێناکات، وەك دڕك و پووەکە دڕکاوییە زبرەکانی بیابان.

چەند برژانگێك لە دەوری چاوەكانی وشتر هەن كە وەك تۆڕێك لە دژی وردە خۆڵ پارێزگاری لە چاوەكانی دەكەن. ئەگەر لەكاتی ڕۆیشتنی بە بیاباندا گەردەلوول و تەپوتۆز هەڵیگرت... لە هەمانكاتدا دەتوانێت لەم تۆڕەیەشەوە ببینێت، چونكە وەك مرۆڤ لەكاتی تەپوتۆزدا چاوەكانی داناخات.

هەروەها لوتی یارمەتی دەدات بۆ ژیانی لە بیاباندا، چونكە لەكاتی گەردەلوولەكاندا بۆئەوەی خۆڵ نەچێتە نێویەوە دەروازەكانیان دادەخات... ئەگەر تینوی بوو، دەتوانێت ئاوی سوێر بخواتەوە بەبێئەوەی زیانی پێبگات.

كۆئەندامەكانیشی خێرا هەست بە بارودۆخە ناهەموارەكان دەكەن و خۆیانی لەگەڵ ڕادێنن، گورچیلە بەڕێژەیی دەردانی میز كەم دەكاتەوە، هەروەها پلەی گەرمی لەشی و پێستەكەی لەكاتی تینوێتیدا دادەبەزێنێت تاكو بەهەڵمبوونی ئاو لە لەشیدا كەم ببێتەوە.

# سەربڕینی ئاژەڵ پێش گیاندەرچوونی

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ﴾ المائدة/٣، واتە: گۆشتی مردارەوە بوو، خوێن و گۆشتی بەراز لێتان حەرام کراوە، هەروەها ئەو ماڵاتەش کە سەردەبڕدرێن و ناوی جگە لە خوای لەسەر دەبرێت، ماڵاتی خنکاویش، ئەوەش کە بە ئازار و لێدان مرداردەبێتەوە، ئەوەش کە لەشوێنێکی بەرز بەردەبێتەوە، یان دەکەوێتە ناو بیرێکەوە و مردار دەبێتەوە، ئەو ماڵاتەش کە بە شۆقی ماڵاتێکی تر مردار بووبێتەوە، ئەوانەش کە درندەی کێوی پەلاماری دابن و لێی خواردبن، مەگەر فریای چەقۆ کەوتبن، هەروەها ئەو ماڵاتانەی کە لە شوێنی تایبەتیدا بۆ بتەکان سەر دەبڕدرێن، ئەوانەش هەر حەرامن.

لە خوارەوە حیکمەتی سەربڕین و حەرامکردنی ئەو جۆرانە باس دەکەین کە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ئاماژەی پێدراوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی زانستی نوێ پێیگەیشتووە.

# گۆشتی مردارەوە بوو و خوێن

گۆشتی مردارەوەبوو کۆگایەکە بۆ میکرۆب و نەخۆشییە کوشندەکان...
ئایا ئەگەر گرامێك خوێن یان گرامێك گۆشت لە شـوێنێکی دیـار و ئاشـکرادا دابنێین و بمانەوێت دوای سێ یان چوار کاتژمێری تـر بـەکاری بێـنین، هـیچ زیانێکی دەبێت؟

بەدڵنیاییەوە زیانێکی گەورە بەر بەکارهێنەرەکـەی دەکـەوێت. لەوانەیـە میکرۆبـــی نەخۆشـــی لـــەڕێی چـــەقۆ بەکارهاتووەکـــەوە بـــۆ خوێنەکـــە گوێزرابێتەوە، یان لەڕێی هەواری دەوروبەریەوە. ئەگەر ژمارەیـەك میکـرۆب بەهـەر ڕێگایـەك بـۆ خوێنەکـەی گوازرانـەوە، ئـەوا هـەر تاکـە میکرۆبێـك بەشێوەیەکی ئەندازەیی هەموو نیو کاتژمێرێك چەند هێنـد دەبێتـەوە، هـەر میکرۆبێك دەبێتە دوان و... خۆئەگەر واماندانا هەزار میکرۆب بـۆ ئـەو یـەك گرام خوێنە گوازراونەتەوە، ئەوا دوای نیوکاتـژمێر دەبێتـە دووهـەزار، دوای کاتژمێرێك دەبنە چوار هەزار و پاش کاتژمێر و نیوێك دەبنە هەشت هەزار و پاشــان ژمارەیــان زیاددەکــات بــۆ شــانزەهەزار، دوای تێپــەڕبوونی دوو کاتژمێر، پاش سێ کاتژمێریش ژمارەی میکرۆبەکان دەبنە شەست و چوار هەزار کە بەتەواوی ئـەو گـرام خوێنـە داگیر دەکـەن. ئەمـە سـەرەڕای ئـەو ڕاستییەی کـە هەنـدێك لـە جۆرەکـانی بـەکتریا وەك بـەکتریا چیلکەییەکان (زۆربەشیان مەترسیدارن) زۆر خێراتر لەم نموونەیە لە خوێندا گەشەدەکەن.

ئـــەوەش زانـــراوە خـــوێنی ئاژەڵەکـــە ڕاســـتەوخۆ دوای مرداربوونـــەوەی ژمارەیەکی زۆر میکرۆبی تێدەچێت (لەبەرئەوەی لاشەی ئاژەڵەکـە بـەرگری نامێنێت) و بەوەش پیس و زەرەرمەند دەبێت بۆ تەندروستی مرۆڤ، ئەگـەر خواردیەوە، یاخود لە جێگایەك هەڵی بگرێت و دواتر بیخواتەوە.

## گۆشتی بەراز

میکرۆبێك هەیە بەناوی (یەرسینا) کە لە گۆشتی بەرازدا هەیە و لە پلەی گەرمی زۆر نزمدا (−٤٠پلەی پەتی) دەژی. زۆربەی ئەوروپییەکان گرفتـاری ئەم میکرۆبەن. زۆرینەی توشبوانیش بـە نەخۆشـییەکانی بڕبـڕەی پشت و جومگەکان هۆکاری نەخۆشییەکانیان ئەم میکرۆبەیە.

لێکۆڵینـــەوەکان دەریانخســتووە ئـــەم بەکتریایـــە لـــە ئـــاو و زۆربـــەی خواردنەکانـدا هەیـە، بـەڵام کاتێـك مـرۆڤ دەیخـوات بـە ئەنـدازەی ئـەو بەکتریایەی لەدەمی بەرازدایە بەهێز نییە، چونکە دەمـی بـەراز ژینگەیـەکی زۆر گونجاوە بۆ گەشەکردنی ئەم بەکتریایە.

بـەراز بـە پەنسـلین و دژە زیندەگییـەکان (المضـادات الحیویـة)ی زۆر چارەسەر دەکرێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر هـەڵگری ئـەم بەکتریایـە... ڕۆژ لـەدوای ڕۆژیـش نەخۆشـی زیـاتر لـەو نەخۆشـییانە دەدۆزرێتـەوە کـە هۆکارەکانیان خواردنی گۆشتی بەرازە و لەپێشتردا نەزانرابوون.

## ئاژەڵی خنکاو

لـەم دواییانـەدا پەیوەنـدی نێـوان ئـەو نەخۆشـییانەی ئـاژەڵی خنکـاو هەڵگریەتی لەگەڵ تەندروستی مرۆڤدا دۆزرایەوە. بەدرێژایی ژیانی ئاژەڵەکە دیواری ڕیخۆڵە ئەسـتوورەی ئـاژەڵ وەك بەربەسـتێك کاردەکـات لەبـەردەم گوێزانەوەی میکرۆب لە ڕیخۆڵەوە (کە پاشەڕۆی تێدایە) بۆ لەشی ئـاژەڵ و خوێنەکـەی. دیـواری نـاوەوەی ئـەم ڕیخۆڵانـە نـاهێڵن میکـرۆب بـۆ لەشـی

ئاژەڵەکە بگوێزرێتەوە، هەروەك لەناو بۆرییە خوێنەکاندا دیوارێکی تر هەیە نایەڵێت میکرۆب بۆ خوێنی ئاژەڵەکە بگوێزرێتەوە.

کاتێك ئاژەڵێك دەخنکێت بەهێواشـی مـردار دەبێتـەوە، مەترسـی ئـەم مرداربوونەوە هێواشە لەوەدایە کە دیواری داپۆشەری ناوەوەی ڕیخۆڵـە بە پلەبەندی بەرگرییەکەی وندەکات و بەمەش میکرۆبە زیانبەخشەکان دیواری ڕیخۆڵەکان دەبڕن و بەرەو خوێن و گۆشتی دەوروبەری دەچن. پاشان ئـەم میکرۆبانـــە بـــەهۆی ســـوڕی خوێنـــەوە بـــۆ هـــەموو بەشـــەکانی لـــەش دەگوێزرێنەوە، چونکە هێشتا ئاژەڵەکە مردار نەبووەتەوە... هەروەها ئـەم میکرۆبانە لە دیواری بۆرییەکانی خوێنەوە بۆ گۆشت دەچـن بـەهۆی کـەمی بـــەرگری دیوارەکـــانی بۆرییـــەکانی خوێنـــەوە ئەمـــەش وادەکـــات وەك شـوێنگەیەکی گـەورەی ئـەم میکرۆبانـەی لێبێـت. لەدواییـدا ئـەم میکرۆبـە زۆربوانـــەش تەندروســـتی ئاژەڵەکـــە هـــەتاکو مرداربوونـــەوەی بەتـــەواوی دەشـێوێنن. مرداربوونەوەشـی لـەم حاڵەتـەدا، واتـە بـوونی مەترسـییەکی گەورە لە لەشی ئەم ئاژەڵە خنکاوەدا.

## ئەو ئاژەڵەی بەئازار و لێدان مردار دەبێتەوە

ئایا لێکچوون لـەنێوان مەترسـی مرداربوونـەوەی ئاژەڵێك کـە خنکـاوە لەگەڵ مرداربوونەوە بە لێدان هەیە؟!

بەڵێ... ئەو ئاژەڵەی کە لێ دەدرێت توشـی مرداربوونەوەیـەکی هێـواش دەبێت بەتەواوی وەك خنکـاو، بۆیـە هـەمان ئـەو حاڵەتـەی بەسـەر ئاژەڵـە خنکاوەکەدا دێت توشی ئەمیش دەبێت.

زیاد لەوەش لێدان دەبێتەهۆی شێواندن و پەرتکردنی بۆرییەکانی خوێن لـە شـوێنی لێدانەکـەدا، هـەروەها خانـەکانیش پـەرت و پارچـە دەکـات و بەمەش پێکهاتەی خوێن و خانەکان تێکەڵ دەبن و کارلێك لـەنێوان مـاددە ژەهراوییە زیانبەخشەکاندا ڕوودەدات. لەبەرئەوە لە شوێنی پیاکێشـانەکەدا تێبینی ئاوسان (تورم) دەکرێـت، ئەمـەش هۆکاری ئـەو کارلێکـە کیمیاییـە زیانبەخشانەیە کە دەبنە دروستکەری ماددەی ژەهـراوی لەگـەڵ قڵیشـان و داماڵینی پێستی ئاژەڵەکە بەهۆی لێدانەکەوە. بـەمجۆرە ئـەو ئاژەڵـەی بە لێـدان مرداردەبێتـەوە دەبێتـە کانگایـەك بـۆ میکرۆبـی زیانبـەخش و بـۆ تەندروستی مرۆڤیش جێی مەترسی دەبێت.

## ئەو ئاژەڵەی لە شوێنێکی بەرزەوە دەکەوێتە خوارەوە

حاڵـەتی ئـەو ئاژەڵـەی بـەم ڕێگایـە مرداردەبێتـەوە وەك حاڵـەتی ئـەو ئاژەڵەیە کە بەلێـدان مـردار دەبێتـەوە، لـە شـوێنی کەوتنـەخوارەوەدا ئـەو تێکشکان و پەرتبوونە ڕوودەدات و دەست دەکـات بـە گیـان دەرچـوونێکی هێـواش... تەنانـەت ئەگـەر دوای کەوتنـە خـوارەوەش ڕاسـتەوخۆ مـردار ببێتەوە ، میکرۆب بەخێرایی هەموو لاشەکەی داگیردەکات، بۆیـە دەبیـنین بۆگەنی (عفونـات) بـە خێرایـی لـە لاشـەی ئـەم ئاژەڵـەدا زیاددەکـات، وەك بەڵگە لەسەر بوونی میکرۆب و زیندەوەری وردی مەترسیدار تیایدا.

## ئەو ئاژەڵەی بە شۆقی ئاژەڵێکی تر مرداردەبێتەوە

دەگونجێت ئاژەڵ لە ئەنجامی شەڕەشۆقی نێوانیانـەوە مـردار ببنـەوە. ئایا هیچ مەترسییەك هەیە لە خـواردنی گۆشـتی ئـەو ئاژەڵـەی بـەم ڕێگایـە مردار دەبێتەوە؟

مرداربوونەوەی ئاژەڵ بەم ڕێگایە وەك مرداربوونەوەیە بە ڕێگای لێدان، بەڵکو مەترسیدارتریشـە... بـەزۆریی ئـاژەڵ کاتێـك شـۆق لـە ئـاژەڵێکی تـر دەدات، شاخەکان دەچن بەناوچـەی سـکی ئاژەڵـە لێدراوەکـەدا، بەتایبـەت ڕیخۆڵـەکانی. لەوکاتـەدا شـاخی پـیس و میکرۆبـاویی دەچـێتە خـوێن و ڕیخۆڵەکانی ئەوەی بەرامبەری، دیارە خـوێنیش بەلاشـەیدا بڵاودەبێتـەوە، لەدوای ئـەوە ئاژەڵـە شـۆق لێدراوەکـە مرداردەبێتـەوە. خـواردنی گۆشـتی ئاژەڵەکە لەم حاڵەتەدا مەترسییەکی ڕاسـتەقینە لەسـەر تەندروسـتی مـرۆڤ دروستدەکات.

## ئەو ئاژەڵەی دڕندەی کێوی پەلاماری دابێت و لێی خواردبێت

ئاشکرایە چڕنوکی دڕندە (هـەروەها کەڵبـە و لیکـی زۆربـەی دڕنـدەکان) پڕیەتی لە میکرۆب، بۆیـە کاتێـك دەیکـات بـە لەشـی ئـاژەڵێکی تـردا، ئـەو میکرۆبانـە دەگوێزرێنـەوە بـۆ خوێنەکـەی و پاشـان ئاژەڵەکـە بەهێواشـی مرداردەبێتـــەوە، بـــەمجۆرەش لاشـــەی ئاژەڵـــە مردارەوەبووەکـــە دەبێتـــە کانگایەکی میکرۆب و زیندەوەرە زۆر وردە زیانبەخشەکان. ئەمە جگـە لـەو

حاڵەتەی وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ واتە: مەگەر فریای چەقۆ کەوتبن.

ئەگەر ئاژەڵێك توشی یەکێك لەو حاڵەتانەی پێشوو بوو، بەڵام هێشتا مردارنەبووبووەوە و پێش مرداربوونەوەکەی سەربڕدرا ئەوا لاشەکەی لەو ماددەیە ڕزگاری دەبێت کە دەبێتەهۆی گوێزرانەوەی میکرۆب بۆی، ئەویش خوێنە... چونکە خوێن ئەو شلە زیندەگییە گرنگەیە لە لەشی هەر زیندەوەرێکدا کە لەتوانایدایە بەرگری ملیۆنان میکرۆب و مشەخۆر (طفیلیات) بکات، بەوەی کە خڕۆکەی سپی و دژە تەنەکانی تێدایە، مادام ئەو زیندەوەرە زیندوو بێت و لە پلەی گەرمی سروشتیدا بێت، بەڵام کاتێك ئاژەڵەکە مرداربووەوە و خوێنیش لە سوڕانەوە وەستا، ئەودەمە میکرۆبەکان بەبێ بەرگری دەمێننەوە، بۆیە باشترین ڕێگا لەم کاتەدا دەرکردنی خوێنەکەیە لە لەش لە زووترین کاتی گونجاودا.

شایانی باسە کاتێك کە ئاژەڵ سەردەبڕدرێت و خوێنەکەی بە تەواوی لە لاشەی دەردەچێت، ماسولکەکانی ئاژەڵەکە کرژ دەبن و ڕادەی ترشێتی نێو گۆشتەکە زیاددەکات و PH کەم دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات ئەگەر پێشتریش میکرۆب (بەکتریا) لە گۆشتەکەدا هەبووبێت (بۆنموونە ئەگەر ئاژەڵەکە نەخۆش بووبێت) ئەو بەکتریایانە لەناو بچن.

# بەزەیی بە ئاژەڵاندا

گەر ئاژەڵمان سەربڕی و خوێنهێنەرەکانیمان بڕی و دوایش خوێنەکەی ڕۆیشت، ئایا ئاژەڵەکە هەست بە ئازار دەکات؟

زانست ئەو ڕاستییەی دۆزییەوە کە سەنتەرەکانی هەستکردن بەئازار لەکار دەوەستن ئەگەر کرداری خوێن بۆچوونیان بۆ ماوەی تەنها سێ چرکە وەستا، چونکە بە بەردەوامی پێویستی بە ئۆکسجینی خوێن هەیە.

لەوانەیە کەسێك بڵێت: چۆن دەڵێین ئەو ئاژەڵە هەست بە ئازار ناکات لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبینین لەسەر برینەکەدا هەڵبەز و دابەز دەکات و دەجوڵێت و لوول دەخوات؟!

ئەم جوڵە تایبەتییانەی ئاژەڵەکە هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆئەندامی دەماری تا ئەوکاتەش هەر زیندووە، کە تا ئەوکاتە زیندوویەتی تێدایە و تەنها ئاگاهی (وعی) لەدەستداوە، لەم حاڵەتەدا هێشتا گەرووی نەبڕدراوە و کۆئەندامی دەمار بە زیندوویەتی ماوەتەوە و بەمە ژیانیش لە ئاژەڵەکەدا دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەوەی کە ڕوودەدات لە کرداری سەربڕین بە شێوازی موسڵمانان ئەوەیە کە کۆئەندامی دەمار هەڵدەستێت بە ناردنی ئاماژە لە مۆخەوە بۆ دڵ بەوەی داوای خوێنی لێدەکات، چونکە خوێنی پێناگات، بەتەواوی وەك ئەوەی بانگ لە دڵ بکات و بڵێت: خوێنم لێ بڕاوە! بەپەلە خوێنمان بۆ بنێرە، ئەی ماسولکەکان! یارمەتی دڵ بدەن بەخوێن، ئەی جەستە! خوێن دەربکە، چونکە مۆخ لە مەترسیدایە.

لەوکاتـەدا ماسـولکەکان یەکسـەر پەسـتان دروسـتدەکەن و جوڵەیـەکی توند لە هەناو و ماسولکە دەرەکی و ناوەکییەکاندا ڕوودەدات، پەسـتانێکی تونـد دروسـتدەکات و هـەموو ئـەو خوێنـەی تێیدایـە دەنێرێتـەوە بـۆ دڵ، پاشـان دڵ دوای پڕبـوونی بـەخوێن، بـەخێرایی ڕۆڵـی خـۆی دەگێڕێـت و ڕاستەوخۆ خوێنەکـە بـۆ مـۆخ دەنێرێـت، بـەلام ئاشـکرایە کـە خوێنەکـەی پێناگات و دەچێتە دەرەوەی لاشەی ئاژەڵەکە، بۆیـە ئاژەڵەکـە جوڵەیـەکی تایبەتی تێدا دروستدەبێت. بـەمجۆرە بـە بـەردەوامی پـاڵ بـە خوێنەکـەوە دەنرێت تـاکو لاشـەی ئاژەڵەکـە بەتـەواوی لـەخوێن ڕزگـاری دەبێـت، واتـە ئەگەر بەڕێگایەکی دروست ئـاژەڵ سـەربڕدرا، ئـەوا تـەنها بـۆ مـاوەی سـێ چـرکە ژیـانی تێـدا دەمێنێـت و ئـەو جوڵـە و هەڵبەزینـەی لـە شـوێنەواری مانەوەی ژیانـە لـە کۆئەنـدامی دەماریـدا، ئاژەڵـە سـەربڕدراوەکەش بـەهیچ شێوەیەك هەست بە ئازار ناکات.

# زمانی ئاژەڵان

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَحُشِرَ لِسُلَيْمَٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا۟ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾النمـــل/١٧-١٨، واتە: هەرچی سەرباز و لەشکری سولەیمان هـەبوو لـە پـەری و مرۆڤ و باڵندەکان کۆکرانەوە و نمایشیان کرد بە ڕیز و ڕێکوپێکی هـەموویان بـە سەرەتا و کۆتاییان یـەکیان گـرت. هـەتا گەیشتە دۆڵـی مێروولـە، مێروولـە مێیەیەك (هـاواری کـرد و) وتـی: ئـەهای مێروولەینـە، بچنـە مـاڵ و کـون و کەلەبەرەکانتانـەوە نـەوەکو سـولەیمان و سـەربازانی پێشـێلتان بکـەن، لەکاتێکدا هەستتان پێناکەن.

﴿ فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾ إِنِّى وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَىْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ﴾النمـل/٢٢-٢٣، واتـە: (سولەیمان) زۆر چاوەڕێی نـەکرد (پـەپوو پەیدابوو، یەکسەر هـات و نیشـتەوە و ) وتـی: ئـەوەی مـن پـێم زانیـوە تـۆ پێتنـەزانیوە، مـن لـە وڵاتـی سـەبەئەوە هـەواڵێکی ڕاسـت و دروسـتم بـۆ هێناویت! ! بەڕاستی من بۆم دەرکەوت ئافرەتێك فەرمانڕەواییان دەکـات و لـە هـەموو جـۆرە دەسـەڵات و نـاز و نیعمـەتێکی پێبەخشـراوە، تـەختێکی پاشایەتی گەورەشی هەیە، بینیم خۆی و نەتەوەکەی لەجیاتی خوا سـوژدە

بـۆ خـۆر دەبـەن، شـەیتان کـار و کـردەوەی چـەوتیانی بـۆ ڕازاندونەتـەوە، بەوهۆیـەوە ڕێبـازی ڕاسـت و دروسـتی لێگرتـوون، بۆیـە ئـەوان ڕێنمـوویی وەرناگرن.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ﴾النمل/١٦، واتە: (سولەیمان) وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە فێری زمانی باڵندە کراوین.

ئەم ئایەتانە ئاماژە بەوە دەدەن کـە ئـاژەڵان زمـانی وتوویـژیان هەیـە، هەر کۆمەڵە ئاژەڵێك زمانێکی گفتوگۆی تایبەتی خۆیانیان هەیە.

هەنگ هۆکاری قسەکردنی خۆی هەیە لەڕێی سەمایەکی بازنەییەوە وەك ڕێنمـایکردنی تاکـەکانی تـری کۆمەڵەکـەی بـۆ شـوێنی گوڵـەکان لەگـەڵ دیاریکردنی وردی دووریی گوڵەکان.

مریشـکی دارسـتان (دجاجـة الغابـة) کـەمێك لـە تاکـەکانی کۆمەڵەکـەی دوادەکەوێت، بۆئـەوەی هێلکەکـەی بکـات، کاتێـك تـەواودەبێت بـە دەنگـی بەرز دەگارێنێت و کەڵەشێرەکەش بـە قوقەیـەکی بـەرز وەڵامـی دەداتـەوە تاکو شوێنەکەیی پێبڵێت.

دۆزەرەوەی (ئاشکراکاری) هـەنگوین کـە باڵندەیەکـە، هـەرکات شـوێنی هەنگوینی زانی دەنگێکی تایبەت دەردەکات، ئیتر سەرجەم ئاژەڵەکانی ئەو ناوە دوای دەکەون تاکو هەنگوینەکە بخۆن.

جریوەی چۆلەکەکان ئاماژەیەکی ئاشکرایە لەسەر گفتوگـۆ و ئاخـاوتنی چۆلەکەکان لەنێوان خۆیاندا.

تێبینی کراوە مێروولە کە شوێنی خواردن دەدۆزێتەوە، دەگەڕێتەوە بـۆ خانەکەی، پاشان زۆر نابات بە ژمارەیەکی زۆر مێروولەی هاوڕێیەوە بـەرەو شوێنی خۆراکەکە دەڕۆن، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر بـوونی گفتوگـۆ و لێـك حاڵی بوونیان.

یەکێك لە زانایان ئاشکرایکرد، ئەو مێروولەیەی جێگای خواردنەکە دەدۆزێتەوە، کاتێك مێروولەیەکی تر دەبینێت بە پەلەکانی (دەستیان) دەیهێنن بە یەکدا، بەمجۆرە زانیارییەکان بۆ مێروولەکەی تر دەگوێزێتەوە... وێڕای ئەوەش مێروولە دۆزەرەوەکە لە ڕژێنی (شرجیة)ەوە ماددەیەکی بۆندار دەردەدات کە ڕاستەوخۆ لەو جێگایەی خواردنەکەی لێیە درێژدەبێتەوە بۆ ئەو جێگایەی کۆمەڵەی مێروولانی لێ دەژین!

# ئاژەڵانیش وەك مرۆڤ گەل و نەتەوەی جیاوازیان هەیە

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُم﴾الأنعام/٣٨، واتە: هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەك بە باڵـەكانی بفڕێت و ئەوانیش ئوممـەت و گەلێك نەبن وەك ئێوە.

ئایەتەكە ئاماژە بەوە دەدات كە ئـاژەڵانیش گـەل و كۆمـەڵی جیاوازیـان هەیە، هەر گـروپ و كۆمـەڵێك زمـانێكی تایبـەتی لێـك تێگەیشـتنیان هەیـە. پێشـتر خـەڵك بڕوایـان وابـووە ئـاژەڵان تـەنها بوونەوەرگـەلێكی زینـدوون، دەخۆن و دەخۆنەوە، بەڵام بەبێ ژیری و بەبێ ڕێكخستنی كاروباریان.

وشەی (دابّة) لـە ئایەتـەكەدا سـەرجەم زینـدەوەران دەگرێتـەوە كـە لـە ئاودا دەژین، وەك ماسـی و خشـۆك و مێرووەكـان، هـەروەها باڵنـدەكانیش بەتایبەت تر، لەگەڵ ئەوەی كە زیـاتر لـە دوو ملیـۆن پـۆلی ئـاژەڵان لەسـەر زەوی هەیە... زانایان لێكۆڵینـەوەیان لەسـەر ڕەفتـاری ئـاژەڵان كـردووە و بوونی خێزان و كۆمەڵی ڕاستەقینەی ئاژەڵانیان ئاشكراكردووە، گـەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەوە بوونی كۆمەڵەی مێرووەكانە.

هـەر نەتەوەیـەك ڕزق و سروشـتی تایبـەتی ژیانیـان هەیـە جیـاواز لـە نەتـەوەكانی تـر، وێـڕای ئـەوەش ئـەو نەتەوانـە لەگـەڵ یەكتریـدا دەژیـن بێئەوەی دەستدرێژی بكەنە سـەر یـەكتر. هـەر تاكێـك لـەو نەتەوانـە ڕزق و تـەمەنی دیاریكراوی هەیە، گەر تـەمەنی مێش لەبری چەند هەفتەیەك چـەند

ساڵێك بوایە، ئـەم نەتەوەیـە دەریـا و وشـكانی و كەشـیان داگیر دەكـرد و لەگەڵیدا ژیان نەدەما !

گـەر ژمـارەی باڵنـدەكان كـەم بكـات (لـە ژمـارەی ئێسـتا)، ژمـارەی مێرووەكـان زیـاد دەبێـت و ئـەوەش دەبێتـەهۆی خـواردنی سـەرجەم ڕووەكـەكان و لەناوچـوونی كێڵگـەكان و دوابـەدوای ئـەوەش نـەمان و تیاچوونی ژیانی سەر زەوی.

گەر ژمارەی مارەكان كەم بكـات، ژمارەی مشـك زیاددەبێت و بـەوەش بـەروبوومی كشـتوكاڵی لەناودەچـێت... بۆیـە هـەر نەتەوەیـەك قـەبارە و ژمارەیەكی حسابكراوی هەیە لای خوای مەزن، تـاكو هاوسـەنگی بـەردەوام بێت.

یەكێك لەو مەسەلانەی گرنگە لێرەدا بە كـورتی لێـی بدوێین ڕۆژووە لای ئاژەڵان:

١. دووپشك دەتوانێت سێ ساڵی دوابەدواییەك هیچ نەخوات.

٢. بۆقەكان دەتوانن یەك ساڵی تەواو بەڕۆژوو بن.

٣. مێشوولە دەتوانێت ماوەی ٣٥كاتژمێر بەبێ خواردن هەڵبكات.

٤. تیمسـاح لەتوانایـدا هەیـە دوو سـاڵ ئـاو نەخواتـەوە، كۆرپەكەشـی دەتوانێت هەشت مانگ ئەوە بكات.

٥. جاڵجاڵۆكەی تونێلی (نفقی) بەوە ناسراوە كـە زۆربـەی ژیـانی بـەبێ خـواردن بـەڕێ دەكـات؟! بەشـێوەیەك كـە كـۆی تەمـەنی (٣٠٥ڕۆژ)ـە دەتوانێـت (٢٠٨) ڕۆژیـان بـەبێ خـواردن بـژی، لـەو ماوەیەشـدا ڕێـژەی چـالاكییەكانی لەشـی (میتـابۆلیزم) بـۆ (١/٤٠)ی ئاسـتە بنەڕەتییەكـەی دادەبەزێت.

٦. وشـتر دەتوانێـت مـانگێكی تـەواو بـەبێ خـۆراك و دوو هەفتـە بـەبێ خواردنەوەی ئاو بژی.

# بەرهەمهێنانی شیریماڵات
# لەنێوان گژوگیای هەرسکراو و خوێندا

پـــەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهِ مِنْ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِلشَّارِبِينَ ﴾النحـل/٦٦، واتــە: بەڕاسـتی لـە بوونی ماڵات و (زیندەوەرانی جۆراوجۆردا) پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆتـان و جێگای سەرنج و تێڕامانە، لەنێوان ئەو شتانەی کە لـە سـکیاندا هەیـە، لـە گـژوگیای هەرسـکراو و خوێنـدا، شـیرێکی پـاك و بێگـەرد و خـۆش و بـەتام بەرهەم دەهێنین بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە سەرنجمان بۆ داهێنانکاریی خوای مەزن ڕادەکێشـێت لە بەدیهێنراوانی و نایـابی دروسـتکراوەکانیدا. وەهـایکردووە شـیر لـەنێوان گژوگیای هەرسکراو (پاشماوەی خۆراکی هەرسکراو) و خوێندا بەرهەم بێت.

دۆزینەوەکانی زیندەوەرزانی نوێ لەبارەی فرمانی ئەندامەکانی لەشـەوە ڕوونی دەکەنەوە کە کۆئەندامی هەرسی ئاژەڵان، خـۆراك هـەرس دەکـات و شلە دەمژێت و دەیگۆڕێت بـۆ خـوێن کـە بەبۆرییـە خوێنەکانـدا ڕێ دەکـات لەپێناو خۆراك پێدانی سەرجەم خانەکانی لەشی ئاژەڵەکە.

بڕێك لەو خوێنە بـۆ گـوانی ئاژەڵەکـە دەچـێت، ڕژێنـەکانی شـیر (الغـدد اللبنیة) لە گوانەکەدا ڕەگەزە پێویستەکانی پێکهاتنی شیر پوختە دەکەن و پاش ئەوەی شلەی تایبەتی تێدا بـەکاردێنن، شـیر بەرهـەم دێـت کـە تـام و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەیە.

بـەمجۆرە، زانسـتی نـوێ دەیسـەلمێنێت کـە شـیر لـەنێوان گـژوگیا و پاشماوەی خـۆراکی هەرسـکراو و خوێنـەوە دەردەچێت، شـیرێکی پـاك و خۆش و بەتام.

بەڕاسـتی ئـەوە کردارێکـی سـەیر و سەرنجڕاکێشـە، بـە بـەردەوامی لـە هەموو چرکەیەکدا لە لەشی ئاژەڵە شیردەرەکاندا ڕوودەدات.

خـواردنی ئاژەڵەکـە لـە گـژوگیا و دانەوێڵـە، لـەدوای چـەند کردارێکـی تایبەتییەوە دەگۆڕێن بۆ شیر، کە بۆ مرۆڤ باشترین خۆراکە.

# هـــەنــــگ

هەنگ دەفڕێـت، کاردەکـات، گـوڵاو دەمـژێت، خانەکـەی دروسـتدەکات، هەموو ئەوە بەویست و وەحی خوای گەورەیە.

خوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴾النحل/٦٨، واتە: پەروەردگاری تۆ (ئەی مرۆڤ) نیگا و ئیلهامی بـۆ هـەنگ کـردووە کـە جێگـا لـە کـون و کـەلێنی چـیاکاندا بۆخۆی سازبکات، هەروەها لە کەلەبەری درەختەکان و لەو شـوێنانەش کـە مرۆڤ بۆی ئامادە دەکات.

پاشان لێکۆڵینەوە زانستییە نوێیەکان گەیشتنە ئەوەی کە خوای مـەزن وەها لە هەنگ دەکات بۆ مژینی گوڵاوی گوڵەکان بفڕێت، هـەزاران مـەتر لـە خانەکەی دووردەکەوێتەوە و دووبارە بۆی دەگەڕێتەوە بـەبێ ئـەوەی هەڵـە بکات و بچێتە خانەیـەکی تـرەوە. وێـڕای ئـەوەی خانـەکانی نێـو پـوورەی هـەنگ لەتەنیشـت یـەکترەوەن... ئەمـەش لەبەرئەوەیـە کـە خـوای گـەورە جۆرە هەستێکی کارەبایی موگناتیسی لە جەستەیدا خوڵقاندووە.

پەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾النحل/٦٩، واتە: پاشان (فێرمان کردووە کە) لە هەموو بەروبووم

و (شـیلەی گـوڵان و شـتی بەسـوود) بخـوات و پێمـان ڕاگەیانـدووە: ئـەو نەخشانەی کە پەروەردگارت بۆی کێشاویت بە ملکەچییەوە ئەنجامی بدە، جا لەناو سکی ئەو هەنگانـەوە شلەیەکی ڕەنـگ جیـاواز دێتـە دەرەوە کـە شـیفای تێدایـە بـۆ (زۆر نەخۆشـی) خـەڵکی (سـەرەڕای تـامی شـیرین و خۆشی)، بەڕاستی ئا لەمەشدا بەڵگە و نیشانەی بـەهێز هەیـە بۆ کەسـانێك بیربکەنەوە.

لـەدوای ئـەوەی هـەنگ گـولاوی گوڵـەکان لـەنێو لەشـە بچـووکەکەیدا کۆدەکاتەوە، ئیدی لەشە بچووکەکەی دەبێتە کارگەیەك و ئـەو گـولاوە بـۆ شلەیەکی ئەوتۆ دەگۆڕێت کە شیفای بۆ مرۆڤ تێدایە.

ئـەو وەسفەی قورئـانی پـیرۆز کـە هـەنگوین شـیفای بـۆ مـرۆڤ تێدایـە، ڕاسـتییەکی زانسـتییە و شـیکارییە زانسـتییەکان بـۆ ئـەم ماددەیـە ئـەو ڕاستییەیان سەلماندووە... هەموو زانایـان کۆکن لەسـەر ئـەوەی هـەنگوین شیفای بۆ مرۆڤ تێدایە.

هەنـدێك لەوانـەی تەمـەنی خۆیان بـۆ لێکۆڵینـەوەی ژیـانی مێرووەکـان تـەرخان کـردووە، گەیشـتونەتە ڕاسـتیگەلی سـەیر و نـامۆ کـە دروسـتی زانیارییەکانی نێو ئایەتەکـە دەسـەلمێنن... چـەندین پـۆلی هـەنگ هـەن لـە شـاخەکان نیشـتەجێن، لـە ئەشـکەوتی چیاکاندا پەناگـەی خۆیـان بونیـات دەنـێن. چـەندین جـۆری تـر لـەنێو کلـۆریی درەختەکانـدا پەناگـە دروسـت دەکەن، لەنێو ئـەو کونانـەی لەقەدی درەختەکانـدا هـەن. کـاتێکیش مـرۆڤ ویستی سوود لە هەنگوین وەربگرێت ماڵیی کرد و خانـەی تایبـەتی لـە قـوڕ یان تەختە بۆ دروست کرد تاکو تیایدا بمێنێتەوە و بژی.

بــەمجۆرە ئایەتەکــە بۆمــان ڕوون دەکاتــەوە کــە چــۆن ئــەم مێروانــە بەئیلـهامێکی خـوایی، پەناگـەی خـۆی بونیـات نـاوە و دەنـێن، هــەر لــە دێرزەمانەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ.

زانستی نوێ سەلماندوویەتی، هەنگ بۆ یەکەمین جار لە چیاکاندا مـاڵ و خانــەی دروســتکرد، پاشــان لــە درەختەکانــدا و لەدوایشــدا لــەو خانــە و شوێنانەدا کە مرۆڤ بۆی دەسازێنێت و دروست دەکات.

# مـــاســـی

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا۟ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ﴾النحل/١٤، واتە: هەر ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ بارهێناون تا گۆشتی تەڕو تازەی لێ بەدەستبێنن، تا لەناویدا جۆرەها گەوهەر و مرواری دەربێنن و لە دەست و ملی بکەن، دەبینیت کەشتییەکان دەریا لەت دەکەن.

یەکێك لەو زیندەوەرانەی لە دەریا و ئاوەکاندا دەژی، ماسییە.

گۆشـتی ماسـی دەوڵەمەنـدە بـە مـاددە پرۆتینییـەکان و فۆسـفۆر بەڕێژەیەکی بەرز، فۆسفۆر بـۆ خانـە زینـدووەکان و چالاکییان پێویستە. ماسی زۆر کانزای گرنگی تری تێدایە وەك کالیسیۆم و یۆد.

ماسی لـە قـوڵایی ئـاو و لـەنێو دەریاکانـدا دەژی و خواردنیشـی لەسـەر ڕووەکە نقوم بووەکانی نێو قوڵایی ئاوە کە ماددەی (بلادۆنا)ی تێدایە و لـە ماسولکەکانیدا خەزنی دەکات، خۆی پێی کاریگەر نابێت، بـەڵام بـۆ مرۆڤـی دەگوێزێتـەوە کـە زۆر خێـرا پێـی کاریگـەر دەبێـت. کاریگـەربوونیش بـەم ماددەی (بلادۆنا)یە پاش خواردنی ژەمێکی ماسی دەردەکەوێت لـە وشـکی گەروو و زمان و لێدانی هێمنانەی دڵ و ئارامییەکی تـەواوی هـەموو جەسـتە لەگەڵ ئارەزووی خەو و خەوەنۆچکەدا.

لەبەرئەوەی ماسی پرۆتینی ئاژەڵی و ماددەی (بلادۆنا)ی تێدایە، بۆیـە بـۆ ڕیخۆڵەئەسـتورە زۆر بەسـوودە و دڵـەڕاوکێ و هاتنەوەیـەکی ڕیخۆڵـە و

هەژان و ترشێتی گەدە کەمدەکاتەوە. (بلادۆنا)ش بۆ نەخۆشـی قورحـەی گەدە و دوانزەگرێ بەسوودە. (یۆد)یش لـە چـالاککردنی ڕژێنـی دەرەقیـدا ڕۆڵـی کاریگـەری هەیـە، چـونکە (یـۆد) دەچـێتە پێکهاتـەی هۆرمـۆنی (ثیرۆکسین)ەوە، بۆیە لەو ناوچانەی دوورن لە دەریا و سەرچاوەی کانزای (یـۆد)یان نییـە، ڕژێنـی دەرەقـی گـەورە دەبێـت و کەسـەکە توشـی ئـەو نەخۆشـییە دەبێـت کـە پێیـدەوترێت درمـی (لاجـوتیر الجحـوظی)... ئـەم گەورەبوونەش لەسەر شێوەی لووی گـەورە (ورم کبیر) لەپێشـەوە لەسـەر گـــەردن دەردەکـــەوێت، (یـــۆد) چارەســـەری ئـــەم حاڵەتـــە دەکـــات و دەیگەڕێنێتـــەوە بارەکـــەی پێشـــووی. هـــەروەها هۆرمـــۆنی (ثـــیرۆکســـین) بەرپرسە لەکرداری باڵغبوون لە نێرینەدا.

سەد گرام لـە ماسـی ئـەم ماددانـەی تێدایـە: ١٦گـرام پـرۆتین و ٩گـرام چـەورییەکان و ٢٠ گـرام لـە کالیسـیۆم و دوو گـرام لـە ئاسـن و نیـو گـرام پۆتاسیۆم و فۆسفۆر و بڕێك ڤیتامین (B).

# ئەو ئـاژەڵ و مێروانەی
# لەقورئـاندا نـاویـان هاتووە

لـە چـەند جێگایـەکی جیـاوازی قورئـانی پـیرۆزدا ئامـاژە بـە ئـاژەڵ و مێرووەکـان دراوە، جـا یـان بـۆ حەرامکردنـە (وەك بـەران) یـان باسـکردنی وەسفێکی خراپی هەندێك مرۆڤە (وەك گوێدرێژ و وشتر و مێشـوولە و مـێش و جاڵجاڵۆکە) یاخود پیرۆزی پێدان (وەك ئەسپ).

چـەند سـورەتێکی قورئـان بـەناوی هەنـدێك لـە ئـاژەڵ و مێـرووەوە ناونراون، ئەوانیش: البقرة– النحل– النمل– العنكبوت– الفيل– الأنعام.

لە قورئاندا ئاماژە بە ئاژەڵان دراوە بەشێوەیەکی گشتی، وەك (الدّابّـة) ١٤ جـار، (الـدّواب) ٤ جـار (جـا مەبەسـت لێـی بەدیهێنراوەکانـە (بـە مرۆڤیشەوە)، چـونکە بەسـەر زەویـدا دەڕوات، یـاخود هـەر تـەنها ئـاژەڵان دەگرێتەوە یان ئەو مێروانەی بە کرۆژەری درەختـەکان ناسـراون. هـەروەها جانەوەرانی کۆتایی دونیا کە وەك نیشانەیەکی ڕۆژی دوایی دەردەکـەون).. (طیر) لە قورئاندا ٣٤ جار هـاتووە و (طـائر)یـش ٥ جـار. (لەوانـە باڵنـدەی ئـەبابیل و باڵنـدەی ئیـبراهیم و عیسـا و ئـەو فریشـتانەی دەفـڕن)... وە (الجـوارح) یـەك جـار هـاتووە (جـا لـەئاژەڵان بێـت وەك سـەگەکان یـاخود پەلەوەر و باڵندە بێت وەك باز)... هەروەها (السبُع) هاتووە وەك ئاماژە بۆ ئـاژەڵانی وەك شـێر و پڵـنگ و گـورگ و تـانجی و کـەمتیار و هاوشـێوەی

ئەوانە... (الأنعام)یش کە (وشتر و مانگا و مەڕ و بزن دەگرێتـەوە) ٣٢ جـار هاتووە و هەر لە سورەتی (الأنعام) دا چوار جار دووبارەبووەتەوە.

لە سورەتی (الأعراف) دا زۆرترین ژمارەی ناوی ئاژەڵ و مێروو هـاتووە، باسی ١٠ جـۆر کـراوە: وشـتر و مانگـا و مـار و کوللـە و ماسـی و باڵنـدەی شـەلاقە و بـۆق و ئەسـپێ و مـەیمون وسـەگ... هـەر لـە قورئـانی پـیرۆزدا هەندێك لە بەروبوومە ئاژەڵییە گرنگەکان بۆ خـۆراکی مرۆیـی هـاتووە: وەك (البیض المکنون) هێلکەی کڕ لەسەر کەوتوو و (العسل) هەنگوین و (اللـبن) شیر و (الأوبار) توك و موو و (الجلود) پێست و (الصوف) خوری و (اللحوم) گۆشت و (الشحوم) چەوری.

ئەم خشتەیە ڕیزبەندیی ئەو ئاژەڵ و مێروانەیـە کـە لـە قورئانـدا ناویـان هاتووە (بەپێی پیتە هیجائییەکان) لەگەڵ نـاوی ئـەو سـورەت و ئایەتانـەی تیایاندا هاتوون.

| ناوی ئاژەڵە ناوهاتووەکان لەقورئاندا | ناوی سورەت و ژمارەی ئایەتەکان کە ناوەکانی تێدا هاتووە |
|---|---|
| الإبل – الناقة–(البحيرة)–(السائبة)–(الوصيلة)–(الضامر) – الجمل – (الحام) | الأنعام(١٤٤) الغاشية(١٧) هود(٦٤) الأعراف (٧٧،٤٠،٧٣) الإسراء(٥٩) الشعراء(١٥٥) القمر(٢٧) الشمس(١٣) الحج (٢٧) المائدة(١٠٣) |
| البعوضة | البقرة(٢٦) |
| البغال | النحل(٨) |
| البقرة – البقر – العجل (ويشمل عجل إبراهيم السمين و عجل له خوار الذي اتخذه بني إسرائيل إلهاً) | هود(٦٩) البقرة(٦٧،٥١،٦٨,٦٩،٥٤،٩٢،٩٣،٧١،٧٠) الأنعام(١٤٦،١٤٤) النساء(١٥٣) الأعراف(١٥٢،١٤٨) طه(٨٨) الذاريات(٢٦) |
| الثعبان– الحية | الأعراف(١٠٧) الشعراء(٣٢)طه(٢٠) |
| الجراد | الأعراف(١٣٣) القمر(٧) |
| الحمار– الحمير– حمر | الجمعة(٥)النحل(٨) لقمان(١٩) المدثر(٥٠) |
| الحوت – الحيتان – اللحم الطري (السمك) –صيد البحر وطعامه | الكهف(٦٣،٦١) الصافات(١٤٢) القلم(٤٨) الأعراف(١٦٣) فاطر(٢١)المائدة(٩٦) |
| الخنزير | البقرة(١٧٣) المائدة(٣) الأنعام(١٤٥) النحل(١١٥) |
| الخيل | آل عمران(١٤)الأنفال(٦٠) صَ(٣١) العاديات(١) |
| الذئب | يوسف(١٧،١٤،١٣) |
| الذباب | الحج(٧٣) |
| السلوى | البقرة(٥٧) الأعراف(١٦٠) طه(٨٠) |
| الضأن– النعجة – ذبح عظيم(الكبش) | الأنعام(١٤٣) صَ(٢٤،٢٣) الصافات (١٠٧) |
| الضفادع | الأعراف(١٣٣) |

| ناوی ئاژەڵە ناوهاتووەکان لەقورئاندا | ناوی سورەت و ژمارەی ئایەتەکان کە ناوەکانی تێدا هاتووە |
|---|---|
| العنكبوت | العنكبوت(٤١) |
| الغراب – الغرابيب | المائدة(٣١) فاطر(٢٧) |
| الفراش | القارعة(٤) |
| الفيل | الفيل(١) |
| القردة | البقرة(٦٥) المائدة(٦٠) الأعراف(١٦٦) |
| القسورة(الأسد باللغة الحبشية) – السبع | المدثر(٥١) المائدة (٣) |
| القمل | الأعراف(١٣٣) |
| الكلب | الأعراف(١٧٦) الكهف(٢٢،١٨) |
| المعز | الأنعام(١٤٣) |
| النحل | النحل(٦٨) |
| النمل | النمل(١٨) |
| الهدهد | النمل(٢٠) |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە قورئـانی پـیرۆز ٢٧ پـۆلی ئـاژەڵانی باسکردووە. شیردەرەکان زیاتر لەوانی تر هاتوون (١٢ جۆریان): چواریان لە ئاژەڵە کاوێژکارەکان و سیانی گۆشتخۆر (شێر– سەگ– گورگ) و چوار لەوانەی بۆ سواری بەکاردێن (ئەسپ– هێستر– گوێدرێژ– فیـل) و (بـەراز و مەیمون)... لەگەڵ هەشت جۆر مێروو و سێ جۆر باڵنـدە و یەك جۆر لـە هەریەکە لە ماسی و خشۆك و وشکاوەکییەکان.

لەم بەشەدا بەکورتی چەند زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر هەریەکە لەو ئاژەڵانە دەدەین، بـەهیواین ئەمـە سـەرەتایەك بێـت بۆ خوێنـەر کـە خـۆی بەدوای زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ئاژەڵانەوە بگەڕێت.

## (١) وشتر (الإبل– Camel)

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾الغاشية/١٧. واتـە: ئايا ئێوە سەرنجی وشتر نادەن چۆن دروستکراوە.

لەبەر ئەو کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتمەندییە سەیر و سەرسامکارانەی لە پێکهاتەی لەشی وشتردایە، خوای گەورە هانی مرۆڤ دەدات لێی بڕوانێت و بە وردی تەماشای تایبەتمەندییەکانی بکات.

وشتر برژانگی درێژی ئەستوری هەیە لە باشبینی لە شەو و ڕۆژیشدا یارمەتی دەدات. لە لوتی وشتردا ئەو هەوا گەرمەی هەڵیدەمژێت شێدار دەبێت و لە هەناسەدانەوەشدا ساردی دەکات تاکو هەڵمی ئاوەکە بۆ لەشی بگێڕێتەوە، لوتی وشتر وێکچووی ئامێری کۆندێشنە. پێستی وشتر بە بەراورد بە ئاژەڵانی تر ئەستوورترە، ئەمەش نەگەیەنەرێکی (عازل– جیاکەرەوە)یەکی گەرمی دروستدەکات و کرداری هەڵماندن کەمدەکاتەوە. هەستی بۆنکردنی بەهێزە، دەتوانێت لەدووری یانزدە کیلۆمەترەوە بۆنی هاوڕێکانی بکات. لێوی سەرەوەی جۆرێکە خواردنی ڕووەکە دڕکاوییەکانی بۆ ئاسان دەبێت و ٣٤ ددانیشی هەیە.



هەندێکیان (لە جۆری عەرەبی) کۆپارێکیان لە چەوری لەسەر پشت هەیە و هەندێکیشیان

دوانیـــان هەیـــە، هـــەرکات بیانـــەوێت بـــە ئاســـانی دەتـــوانن چـــەورییە خەزنکراوەکـــەی کۆپاریـــان ســـەرف بکـــەن، بـــەهۆی جوڵـــە و فاکتـــەری کێشـکردن. قـیتی و بـەرزی کۆپـار نیشانەی تەندروسـتی باشـی وشـترە و کۆپاری بچوکیش نیشانەی نەخۆشییەتی.

وشتر لەسەر برسێتی و تینوێتی ئارام دەگرێت و لە دیواری گەدەیدا ئـاو و خـۆراك خـەزن دەكـات. ئـەو خەسـڵەتەی وا لـە وشـتر دەكـات بەرگـەی ناڕەحەتی ڕێگـا و گـەرما بگرێـت بـەبێ خـواردن و خواردنـەوە ئەوەیـە کـە جەستەی بەشێوەیەك خـولقێنراوە زۆر خـەزن بکـات و کـەمیش ون بکـات. توانایەکی گەورەی هەرسکردن و مژینی هەیـە و دەردراوەکانیشـی (ئـارەق، لیك، میز و پیسایی) کەمن... هەروەها زۆر لەو ژارەی بـۆ ژینگـە دێـت وەك (یۆریـا) ئـەم ئاژەڵـە پارێزگـاری لێـدەکات، وشـتر هـاوڕێی ژینگەیـە. ئـەم خەسڵەتەی دواییان ڕاڤـەی ئـەو ڕێنماییـەی پێغەمبـەر (ﷺ) دەکـات کـە لەدوای خواردنی ژەمێك گۆشتی وشتر دەستنوێژ بگیرێت.

خڕۆکە سورەکانی خوێنی هێلکەین، ئەم شێوەیە لە باڵندەکانیشدا هەیە تاکو وەها لە لەشیان بکات سوك و جوڵە ئاسان بـن، هـەروەها ئـەم شێوە هێلکەییە درێژکۆلەییە هەندێجار ڕۆیشتن و دەرچوونی خوێنیش لەناو بۆری و مولوولـەکانی خوێنـدا ئاسـان دەکـات، ڕۆیـنی خـوێن ئاسـان دەکـات و ئەگەری وەستانیشی زۆر کەم دەکاتەوە. وشتر دەتوانێت زیـاتر پارێزگـاری لە شلە ئەلیکترۆلیتییەکان (کانزا و خوێیـەکان) بکـات لـە لەشـیدا، بـەوەش چالاکی و زیندوویەتی لەو کەشە سەختەی بیاباندا زیاتر دەبێت.

وشـــتر دەتوانێـــت ٢٠٠ لـــیتر ئـــاو لـــەماوەی ٢٤ کاتـــژمێردا بخواتـــەوە. دەتوانێت بەتەنیا بەخێرایی ٢٠کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بـۆ مـاوەی ٣ڕۆژ و بە کەسێکیشەوە کە لەسەر پشتی بێت ١٢ کاتژمێر بە بەردەوامی بەبێ ئـاو

و خۆراك بەڕێدا بڕوات. دەتوانێت ٤٠٪ ی شێی لەشی ونبکات بێئەوەی کاریگەری خراپی لەسەر دروستبێت، لەکاتێکدا ئەگەر زیندەوەرانی تر ١٢٪ ی شێی لەشیان لەدەستبدەن دەمرن و تیادەچن.

پێستی وشتر بۆ پێڵاو بەکاردێت و توکەکەی بۆ پۆشاك و شیر و گۆشتەکەشی بۆ خواردن. شیری وشتر تاکە شیری ئاژەڵانە کە ڤیتامین (C) ی تێدایە، ئەم ڤیتامینە پارێزگاری لە شیرەکەی دەکات بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ خراپبوون بمێنێتەوە. شیری وشتر بۆ چارەسەر بەکاردێت، ئەمەش ڕاستێتی زانستی بوونی ئەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونتر دەردەخات کە ڕێنمایی دەدات بۆ بەکارهێنانی شیری وشتر (تەنانەت میزەکەشی!) بۆ چارەسەرکردن.

ئاژەڵێکی پێکهاتە سەیر و بەهێز، کەچی بۆ مرۆڤ ڕامکراوە.

## (٢) مێشووله (البعوضة- Mosquito)

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا ۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ البقرة/٢٦. واتـه: بەڕاسـتی خـوا شـەرم ناكـات هـەر نموونەیەك بهێنێتەوه (بە بچوكترین دروستكراوی) مێشوولەیەك یا لـەویش بچوكتر. جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، چاك دەزانن كە ئەم نموونەیە ڕاستە و لەلایەن پەروەردگاریانەوەیە، بەڵام ئەوانەی كە كافر و بـێ بـڕوان دەڵـێن: خوا مەبەستی چییە لەم نموونەیـەدا؟ زۆرێكـی پـێ گومڕادەكـات و زۆرێكـی تریشی پێ هیدایەت و ڕێنمونی دەكات بەڵام دیارە كە جگـە لـە لار و وێـر و یاخی و تاوانباران كەسی تری پێ گومڕا نابێت.




بۆچـی خـوای گـەورە لـە هێنانـــەوەی مێشـــووله بـــە نموونە شەرم ناكات؟ چونكە هەق و ڕاستییە و زاتـی خـودا كۆمـەڵێك سـیفەتی سـەیری پێداوە.

مێشـــووله لـــە مێـــرووە دووباڵییەكانە و لەگەڵ مێشـدا

لە هەمان خێزانن، مێشوولە لە هەموو جیهاندا هەن جگە لە جەمسەرەکان و لە بەرزایی ۵۵۰۰مەتر و نزمایی ۱۲۵۰مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە.

مێشوولە ٣٤ ڕەگەز یان جۆری هەیە و ۳۱۰۰ پۆل دەگرێتەوە. لەماوەی ژیانیدا نزیکەی هەزار گەرا (لەهەر جارێکدا ۱۷۰ گەرا) لە ئاوی وەستاو (مەنگدا) دادەنێت... مێیەی مێشوولە کە گەراکانی پێیە بەهۆی وەرگری هەستیار کە لەژێر سکیدا هەن لە جێگایەکی گونجاو دەگەڕێت بۆ دانانی گەراکانی، کە جێگایەکی دۆزییەوە دایاندەنێت. درێژی هەر گەرایەك لە ۱ملی مەتر تێپەڕناکات. لەدوای دانانی گەراکان کە ڕەنگیان سپییە و لەدوای تێپەڕبوونی ۱-۲ کاتژمێر لەکرداری دانانەکە، ڕەنگەکەی بۆ ڕەش دەگۆڕێت (مەبەست لە ڕەنگ گۆڕینەکەش پارێزگاری و شاردنەوەیانە لە مێروو و باڵندەکان، تا نەبنە خۆراکی ئەو زیندەوەرانە)، هەندێکیان بەپێی ژینگەکەیان ڕەنگیان دەگۆڕن.




پاش ۳-۸ ڕۆژ گەراکان دەتروکێن و کرمۆکەکان دەردەچن و لەپاش تێپەڕبوونی ۹-١٤ ڕۆژ مێشوولەیەکی کامڵی لێ پێکدێت و بەهەوادا دەفڕێت.

لەدوای ئەوەی مێشوولە لەسەر لەشی کەسێك (خانەخوێ) دادەبەزێت، بە دەردانی سڕکەرێکی جێگایی (موضعي) ڕووی پێستەکە شێدار دەکات بۆئەوەی بە ئاسانی خورتومەکەی بەناو پێستەکەدا (وەك دەرزی)یەك ببات. ئەم خورتومە شەش بەشی لاوەکی تری هەیە

(وەك چەقۆ وەهان) خورتومەكە لەسەر ڕووی پێستەكە جێگیر دەكەن تاكو بـە ئاسـانی بچـێتە نێـو نـزیكترین خوێنبـەری ڕووكارییـەوە، ئـەم مێـرووە توانایـەكی باشـی هەیـە لـە جیاكردنـەوە و هەسـتكردن بـە خوێنبـەرەكان، مێشـوولەكە پێسـتـەكە كونـدەكات و پاشـان خـوێن دەمـژێت... نهـێنی گواستنەوەی نەخۆشی بەهۆی مێشوولەوە لە كرداری هێڵنجدانیایەتی كە لە هەموو مژینێكی خوێندا دەیكات، ئەوەی مژیویەتی لـە لەشـێكەوە دەیبـات بۆ لەشی كەسێكی تر تا لەكۆتاییدا ژەمەخواردنێكی نوێ بەدەستدێنێت.

مێشـووله لـە ڕژێـن (لیـك)ـەكانیدا ماددەیـەكی دژەمـەین هەیـە وەك (**EDTA**) وایە، وەها لە خوێنە مژراوەكە دەكـات بە بـەردەوامی هـەر بـە شلی بمێنێتەوە و ئاسانیش بچێتە لەشیەوە و دووبارە لەسەر لەشـێكی تـر بیهێنێتەوە.

كاتێـك مێشـووله ئامانجێـك دەدۆزێتـەوە جێگایـەكی دیـاریكراو بـەهۆی خورتومەكەیـەوە دیاریـدەكات... مێشـووله دەرزییـەكی بـە داپۆشـەرێكی تایبـەت داپۆشراوی هەیـە، هـەركات خـوێنی مـژی دەریدەكاتـەوە. پێست بـەهۆی ئـەم دەرزییـەوە كـون نابێـت، بـەڵكو بـەهۆی لێـوی سـەرەوەیەوە دەبێـت كـە وەك چـەقۆ وەهایـە و لێـوی خوارەوەشـی ددانـی لاری ڕووەو ناوەوەی پێوەیە.

لێوی خوارەوە كاری (مشار) دەكات واتە وەك مشار دەجوڵێت و بەهۆی لێـوی سـەرەوە پێسـتـەكە شـەق دەكـات، هـەر لـەجێگای شـەقبوونەكەوە دەرزییەكە دەچێتە ژوورەوە تادەگاتە خوێنبەر و كرداری مژینەكـە دەست پێـدەكات. لەماوەیـەكی كورتـدا ئەنزیمـەكانی لەشـی كەسـەكە كـە خـوێنی دەمژرێت هەڵدەستێت بە مەیاندنی خوێن لەو جێگایەدا، بـەڵام مێشـوولەكە ماددەیەك لە لەشیدا دروستدەكات و بۆ خوێنهێنەری مرۆڤی دەردەكات لەو

ناوچەیەدا، ئەوەش بۆ ڕێگەگرتن لە مەیاندنی خوێن، بەوجۆرەش کاری مژینەکە تەواو دەبێت.

ناسراوترین جۆری مێشوولە (ئەنۆفیلس)ـە کە ترسناکترین جۆریانە و میکرۆبی نەخۆشی مەلاریا دەگوێزێتەوە. مێشوولە ڕێژەی ٩٠٪ی ئەو نەخۆشییانە دەگوێزێتەوە کە بەهۆی مێرووەکانەوە توشی مرۆڤ دەبن.

نێرەی مێشوولە خۆراکی لەسەر مژینی ڕووەك و گوڵ و گوڵاوەکانیانە، بەمجۆرە تەنها مێیەکان خوێنی ئاژەڵ و مرۆڤەکان دەمژن. وەك لە ئایەتەکەدا مێشوولە (بعوضة) بە مێ هاتووە... نهێنی تایبەتمەندێتیشی لە مژینی خوێن گەڕانیەتی بەدوای سەرچاوەی پرۆتینندا بۆ بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی گەراکانی، ئەو جەخت دەکاتەوە لەسەر مژینی خوێن تا پارێزگاری لە وەچەی خۆی بکات.

مێشوولە ئامێرێکی زۆر هەستیاری هەستکردن بەگەرمی هەیە (ئەندازەی هەستیارییەکەی ١\١٠٠٠ پلەیە). بەکارهێنانی تیشکی ژێر سوور لەو شەبەنگەدایە کە مێشوولە دەتوانێت ببینێت و بەهۆیەوە لە توانایدایە هەست بە کەسی خەوتوو و بێداربکات، جیاوازی بکات لەنێوان دایك و باوك و منداڵ و تەنانەت ئافرەتی سکپڕ و ئافرەتی تردا.

مێشوولە ١٠٠ چاوی کۆکراوەی هەیە لە دوو چاوی ئاوێتەدا کە بە سەریەوەیەتی بەشێوەی شانەی هەنگوین. چاوەکانی مێشوولە ئاماژەکان وەردەگرن و بۆ دەماخی دەگوێزنەوە.

ئەم مێرووە ٤٧ددان لە دەمیدا هەیە و وەك هەر مێروویەکی تر دوو شاخی هەستیاری هەیە و سکی لە ٧ بەش پێکدێت و سوڕێکی سادەی خوێنی هەیە. شەش قاچی هەیە لەگەڵ دوو باڵی لاواز و تەنك لەپشت دوو باڵە گەورەکەیەوە.

بنـــەمای کۆئەنـــدامی هەناســـەدانی کرمۆکـــەی مێشـــوولە (Lervae) لولەیەکی ناوبۆشە کە بـەرەو دەرەوەی ئاوەکـە دەریـدەکات تـا بەهۆیـەوە هەناسە بدات. کرمۆکەکە بە هەڵگەڕاوەیی لەئاوەکەدا خـۆی نقـوم کـردووە، بـۆ ڕێگـرتن لـە چـوونە ژوورەوەی ئـاو بـۆ نێـو ئـەو لولەیـە مێشـوولەکە ماددەیـەکی کـەتیرەیی دەردەکـات... ئـەم مێـرووە لـەڕێی ئـەو لولەیـەوە هەناسە دەدات و هیچ ئاوێکیشی تیَ ناچێت.

## (٣) هێستر (البغال- Mules)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل/٨، واتە: ئەسپ و ماین و هێستر و گوێدرێژی (بۆ بەدیهێناون تا بۆ) سواری و گواستنەوە بەکاریبهێنن. (سەرەڕای) دیمەنی قەشەنگیان. و شتی تریش دروستدەکات (کە ئێستا ئێوە) نایانزانن.



هێستر دووڕەگێکە لە جووتبوونی گوێدرێژ و ئەسپەوە دروستدەبێت. قەبارەی ئەسپ وەردەگرێت و سیفەتی گوێدرێژی هەیە. بۆیە ئەوەی دروستدەبێت بەهێزترە، ئەوەی زیاتریش بەهێزی دەکات نەزۆکییەکەیەتی. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ژمارەی تاکی کرۆمۆسۆمی هەیە (٦٣ کرۆمۆسۆم)، لە نێوەندی کرۆمۆسۆمەکانی گوێدرێژ (٦٢ کرۆمۆسۆم) و مێیەی ئەسپدایە کە ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی (٦٤ کرۆمۆسۆم)ە.

## (٤) مانگا (البقره- Cattle)

مانگـا لـه چـەند جێگایـەکی قورئـانی پـیرۆزدا ئامـاژەی پێـدراوە و سورەتێکیش بەناویەوە ناونراوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالُواْ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٞ لَّا فَارِضٞ وَلَا بِكۡرٌ عَوَانُۢ بَيۡنَ ذَٰلِكَۖ فَٱفۡعَلُواْ مَا تُؤۡمَرُونَ ٦٨ قَالُواْ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوۡنُهَاۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٞ صَفۡرَآءُ فَاقِعٞ لَّوۡنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ٦٩ قَالُواْ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ ٱلۡبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيۡنَا وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهۡتَدُونَ ٧٠ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٞ لَّا ذَلُولٞ تُثِيرُ ٱلۡأَرۡضَ وَلَا تَسۡقِي ٱلۡحَرۡثَ مُسَلَّمَةٞ لَّا شِيَةَ فِيهَاۚ قَالُواْ ٱلۡـَٰٔنَ جِئۡتَ بِٱلۡحَقِّۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفۡعَلُونَ ﴾البقـرة/ ٦٨-٧١. واتـه: وتیـان لـه پـەروەردگارت داوابکـه بۆمان ڕوونبکاتەوە ئەو مانگایە چۆنە؟ موسا وتـی: خـوا دەفـەرموێت: ئـەو مانگایـە نـە پـیرە و نـە پارێنـە بـەڵکو میانەساڵە (ئـیتر ئەوەنـدە قـووڵی مەکەنـەوە) چ فـەرمانێکتان پێدراوە جێبـەجێی بکـەن. کەچـی وتیـان: لـە پەروەردگارت داوا بکە بزانین ڕەنگی چۆنە؟ موسا وتی: خـوا دەفـەرموێت: ئەو مانگایـە ڕەنگـی زەردی تۆخـە، تەماشـاکەرانی بەسـەیرکردنی دڵخۆش دەبن. کەچی هەر وتیـان: لـە پـەروەردگارت داوا بکـە تـا بەتـەواوی بۆمـان ڕوونبکاتــەوە بــزانین ئــەم مانگایــە چــۆن مانگایەکــە؟! بەڕاســتی ئــەم مانگایەمان بۆنادۆزرێتەوە، ئەگەر خوا ویستی لەسـەر بێت دەیدۆزینـەوە و ڕێمان لێی دەکەوێت. موسـا وتـی: خـوا دەفـەرموێت: ئـەو مانگایـە هێشتا

ڕانەهێنراوە، بۆ جووت کردن و زەوی کێڵان و ئاودێری کشتوکاڵی پێ نەکراوە، یەك ڕەنگە و پەڵە پەڵە نییە. ئەوسا وتیان ئا ئێستا ئیتر هەواڵی ڕاستەقینەت پێداین (ئیتر دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەدەستیان هێنا) و سەریان بڕی، هەرچەندە خەریك بوو ئەو کارە نەکەن.

چۆنیەتی هەڵبژاردنی باشترین مانگا و گرنگترین خەسڵەتەکانی، وەك لە ئایەتەکاندا ئاماژەی پێدراوە بەپێی ڕای زانایانی ڕاڤەکاری قورئان ئەوەیە کە: ١) تەمەنی مامناوەند بێت، زۆر تەمەن کەم نەبێت شیر بەرهەم نەهێنێت یاخود کەم بەرهەم بێت، پیریش نەبێت کە دیسانەوە بەرهەمی شیری کەم بدات. زانیارییەکی چەسپاوە کە مانگا دوای دووەم و سێیەم جاری زاینی، واتە تەمەنی ٤-٥ ساڵانی بەرهەمێکی زۆر دەدات و پاشان وردەوردە بەرهەمەکەی کەم دەبێتەوە.

٢) ڕەنگی زەردێکی تۆخ بێت، واتە زۆر مەیلە و سپی بێت. ڕەنگی سپیش دیسانەوە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانەوە هەیە. ڕەنگی سپی گەرمی و ڕووناکی دەداتەوە (بەپێچەوانەی ڕەنگی ڕەشەوە کە هەڵیاندەمژێت و بەوەش بەرهەمی کەم دەبێتەوە بەتایبەت لە وەرزی هاویندا) ئەمە لەکاتێکدا کە



بەرهەمی مانگای سپی لە هاویندا بەرهەمەکەی زۆرە بەهەمان تێکڕاییەکانی زستان.

٣) مانگاکە بەهێز بێت و شەکەت نەبووبێت و بۆ کێڵان بەکارنەیەت، چونکە هەموو ئەمانە لەسەر حسابی بەرهەمەکەی دەبێت، کەمی دەکاتەوە.

٤) هەروەها هیچ نەنگییەکی دیار لە لەشیدا نەبێت.

ئەو خەسڵەت و پێوەرانە لەلایەن زانایەك یان پسپۆڕ و پزیشکێکی ڤێتێرنەری یاخود ئەندازیاری بەروبوومی ئاژەڵییەوە نەگوتراون، بەڵکو لە نیگادا لەلایەن زانای هەموو شت و خوای جیهانیانەوە هاتووە.


مانگا لە هەموو جیهاندا هەیە جگە لە ناوچە ساردەکان. لە لەوەڕگا و مێرگەکاندا بەخێودەکرێت لەپێناو گۆشت و شیر و پێستەکەیدا. هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ کێڵان و ڕاکێشان و هەندێجاریش هەڵگرتنی قورساییەکان. شاخێکی مامناوەندیی هەیە. ماوەی سکپڕیی ٢٨٥ ڕۆژە و کێشی بێچووەکەی دوای زاینی نزیکەی ٣٠ کیلۆگرامە کە پێویستە ڕۆژانە ٨ لیتر لە شیری دایکەکەیی پێبدرێت.

لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەرە (ﷺ) کە گۆشتی مانگا نەخۆشی پێوەیە و شیرەکەشی دەرمانە. گۆشتەکەی گرفتبوون دروستدەکات بەهۆی ڕیشاڵە ئاڵۆزەکانییەوە، بەڵام دەربارەی شیرەکەی لەم دواییانەدا دۆزرایەوە کە ترشەڵۆکی چەوری ناتێری تێدایە لەجۆری ئۆمێگا-٣ (لە دیارترینیان (Prostaglandin)ە کە بەرگریکردن (مناعة)ی لەشی ئەو کەسەی دەیخواتەوە، دژی نەخۆشییەکان زیاد دەکات.

گوێرەکە بێچووی مانگایە، مانگا لەدوای ٩ مانگ گوێرەکەیەکی دەبێت و ماوەی ٨ مانگ لەلایەن مانگا دایکەکەوە بەخێو دەکرێت و چاودێری دەکرێت، دەگونجێت لەو ماوەیەدا گوێرەکەکان گژوگیا بخۆن.

ناوی گوێرەکەش لە قورئاندا هاتووە: ﴿فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجۡلٖ سَمِينٖ﴾الذاريات/٢٦. واتە: ئیتر خۆی دزییەوە و چوو بەهاواری خێزانی، گوێرەکەیەکی قەڵەویان بوو (سەری بڕی و سووریان کردەوە و) هێنای.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةٗۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيۡنِ فَرۡثٖ وَدَمٖ لَّبَنًا خَالِصٗا سَآئِغٗا لِّلشَّٰرِبِينَ﴾النحل/٦٦. واتە: بەڕاستی لە بوونی ماڵات (و زیندەوەرانی جۆراوجۆردا) پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆتان و جێگای سەرنج و تێڕامانە، لەنێوان ئەو شتانەی لە سکیاندا هەیە، لەگژوگیای هەرسکراو و خوێندا، شیرێکی پاك و بێگەرد و خۆش و بەتام (پڕ لە هەموو ماددەیەکی خۆراکی) پێشکەش بەئێوە دەکەین تا بینۆشن.




## (٥) مـار (الثعبان- الحية - Snake )

خوای گەورە لەبارەی مـارە گەورەکـەی موسا پێغەمبـەرەوە (سـەلامی خـــوای لێبێـــت) دەفـــەرموێت: ﴿ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴾ الأعـراف/١٠٧. واتـە: (موسـا) گۆچـانەکەی فڕێـدا و دەسـتبەجێ بـوو بـە مارێکی ئاشکرا.

(ثعبان) مارێکی گەورە و درێژە و هەندێجار مەبەست لێـی مـاری نێـرە. ئەمجۆرە لە زۆربـەی خشـۆکەکان زیاتر توانـای ژیانی هەیـە لـە بوارگـەلی فراوانی گەرمیدا. بـە درێژکۆلـەیی لەشـی جیادەکرێتـەوە کـە هـیچ پـەلێکی نییە. بڕبڕەی پشتیشی جۆرێك جوڵەی هەیە دەتوانێت بازبدات، مار پێڵـوی نییە بۆیە چاوی داناخات.

هەندێك لە مارەکـان بـەدەوری نێچـیرەکەیاندا پـێچ دەخـۆن و پەسـتانی دەخەنە سەر و دەیکوژن و پاشـان لوشـی دەدەن. مـار دەتوانێـت ئـاژەڵی گـەورەتر لەسـەری خـۆی بخـوات. هەیانـە دەتوانێـت ئاسـکێك بکوژێـت و بیخـوات بـەهۆی ئـەوەوە کـە دەتوانێـت کـۆی ئێسـکی دەمـی پێکـەوە بجولێنێت، چونکە کاکیلەکانی پێکەوە نەبەستراون.



خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴾ الشعراء/٤٥. (تلقـف) واتـە بـــەخێرایی و باشـــی نێچـــیرەکەی دەخـــوات. ئایەتەکـە واتــە: موســا گۆچـــانەکەی فڕێـــدا، هەرچـــی درۆ و

دەلەسە و گوریس و داریان هەبوو، هەر هەمووی هەڵلوشی و لەناوی دا.

ژار تاکە هۆکاری خۆپاریزی مار نییە، ماری گژوگیایی ئەوروپی بەدەردانی شلەیەکی بۆن ناخۆش پارێزگاری لەخۆی دەکات. ماری لوت چەماوەش خۆی وەك مردوو پیشان دەدات و بەپشتدا خۆی هەڵدەگێڕێتەوە. زۆرینەی مارەکان ژاریان هەیە وەك (ماری کۆبرا) کە لە هیند و چین هەیە و هەندێکیان درێژییان دەگاتە پێنج مەتر و زیاتریش.

لەبارەی جوڵەی مارەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ﴾ طه/٢٠. واتە: هەر کە فرێی دا، بوو بەمارێکی زیندوو، بەخێرایی دەجوڵایەوە.


لەڕاستیدا ماری درەختان دەجوڵێن و بەنێو درەختەکاندا بەخێراییەکی زۆر خۆدەخلیسکێنن و دەجوڵێن. ماری بیابانیش بەشێوەیەکی لولپێچی دەجوڵێن تا لەنێو لمی بیاباندا خۆ نوقم دەکەن (ئەم کارەش وەك هەڵاتن لە گەرمای بیابان ئەنجام دەدەن).

مارە دەریاییەکانیش (کە لە پۆلی ماسییەکان دادەنرێت) زۆربەیان بۆ هێلکەدانان بەرەو کەنارەکان ناچن، بەڵکو هەر لە لەشی خۆیاندا هێلکەکان دەتروکێنن و بێچووی زیندوو لەدایك دەبێت و دەشتوانێت مەلەبکات. ئەم مارانە بەتەواوی ئاوین و لوتیان زمانەی تایبەتی هەیە ڕێ لە چوونەژوورەوەی ئاو دەگرێت بۆ نێو لەشیان.

# (٦) کوللە (الجراد– Grasshopper)

کوللــە لــە پــۆلێکی مێرووەکانــە. پێیــەکانی دواوەی درێــژن و یارمــەتی دەدەن لە بازدان و جێگیربوونیدا. هەندێجار سوپایەکی ژمـارە زۆری کوللـە کۆدەبنــەوە و بــۆ دووریــی زۆر کــۆچ دەکــەن، ئەگــەر لەســەر کێڵگەیــەك نیشتنەوە ئەوکاتە هەرچی دانەوێڵـە و بەرهـەمی کشـتیاری ئـەو کێڵگەیەیـە خــراپ و وێرانــی دەکــەن. خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿خُشَّعًا أَبْصَٰرُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ ٱلْأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ﴾ القمر/٧. واتە: (خوانەناسـان) چاویان شـۆڕە و شـەرمەزارن، لـەناخی زەوییـەوە دێنـەدەرەوە، هـەروەك لێشـاوی کوللەی زۆر (ڕووکاری زەوی دادەپۆشن).

لــە وەرزی هێلکەدانانــدا کوللــە بــەهۆی پاشــووی لەشــیەوە چــاڵ دروستدەکات و لە قووڵایی ئەو چاڵانەدا هێلکەکان دادەنێت کە ماددەیـەکی زوو ڕەقبــووی پێوەیــە. لــەماوەی دوو هەفتــەدا هێلکــەکان دەتــروکێن و کرمۆکەی بچوکی کوللەی تێدا دەبێت کە توانای بازدانیان هەیە.



کوللــــــــە لەســەر گــەڵای ڕووەك دەژی و گــاز و قــولاپی تایبــەتی هەیــە بــۆ قرتانــدن و کرۆژتنی گەڵای درەختەکان، پاش ماوەیەك پێستەکەی دەگۆڕێت و دەبێتـە کوللەیەکی کامڵ. کوللە جۆرێك پـەردەی هەیـە پێیـدەڵێن (**Tympani**)

کە وەك پەردەی گوێ وایە و بەرپرسی وەرگرتنی لەرەلەرە دەنگییەکانی دەنگی باڵەکانی هاوڕێ کوللەکانی کۆمەڵەکەیەتی. ئەو پەردەیەش لە بەشی خوارەوەی دوو باڵی پێشەوەیدایە. دوو باڵی کامڵیشی لەپشت دوو باڵی پێشەوەی هەیە. دوو چاوی پێکهاتە سادەی لەگەڵ دوانی ئاوێتەدا هەیە. ئەوەی وادەکات کێشی کوللە سوك بێت بوونی کیسی هەوایی ناوەکییە لەنزیك ڕووی لەشیدا، ئەم کیسانە دەرچەی دەرەکییان هەیە بەنێو پێستیدا.



## (٧) گوێدرێژ (الحمار– Donkey)

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ﴾ لقمـان/١٩. واتـه: (هەوڵبـدە) لـه ڕۆیشـتندا مامناوەندییانە بڕۆ، بەرەو ئامانجێکی چاك هەنگاوبنێ، بە دەنگی هێواش و لەبار گفتوگۆ بکە و بدوێ، چونکە بەڕاستی ناخۆشترین دەنگەکان دەنگی گوێدرێژە.

ئەم گوتارە لەسەر زمانی لوقمانی حەکیم هاتووە کاتێك ئامۆژگاریی کوڕەکەی دەکات و داوای لێدەکات دەنگی نەرم بکاتەوە، چونکە دەنگی بەرز ناخۆش و بێزارکەرە و بە ژاوەژاو دادەنرێت و زانایانیش بە ژینگەپیسکەری دادەنێن. گوێدرێژ بە دەنگە ناخۆشەکەی (زەڕینی) بەناوبانگە کە ناخۆشترین و بێزارکەرترین دەنگە.


زانایان ئاشکرایان کرد هەر گوێدرێژێك دەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە و دەکرێت بەهۆیەوە لەوانی تر جیابکرێتەوە. هۆکاری ناخۆشی دەنگی لە کەم جوڵان و غار نەدانیایەتی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا﴾العادیات/١. واتە: سوێند بەو ئەسپانەی (کەبەرەو گۆڕەپانی جیهاد) بە گرمە و پرمە غاردەدەن.

(ضبح) حیلاندنێکی سوکە و بێزارکەر نییە. ئەسپ بەهۆی غارغارێنییەوە بەدەستیهێناوە، چونکە لەوەوە هەموو چەوری دەوری دەنگە ژێیەکانی تواونەتەوە و ئەو ژێیانەش توشی گەرمبوون و کشان دەبن لەڕێی وەرزشی غارغارێنەوە، ئەوەش هەروەك کشانی ژێکانی ئامێرە میوزیکییە ژێدارەکانە تاکو دەنگێکی بەرز و جوانیان هەبێت.

گوێدرێــژ ئارامگرییــەکی گــەورە و زۆری هەیــە و بەئاســانی بــە ڕێگــای بەردین و سەختی شاخەکاندا ڕێ دەکات، هەروەها دەتوانێـت بـۆ ماوەیـەك بەبێ ئاو بژی و دەشتوانێت ئاوی سوێر بخواتەوە. گوێدرێژ لە دوژمنـەکانی ڕادەکات و خۆدەشارێتەوە بەڵام ئەگەر هێرشی کرایە سـەر گـاز دەگرێـت و جوتەپێی دواوەشی بۆ بەرگری لەخۆکردن بەکاردێنێت.

گوێدرێــژی کێــوی لــە ئــەفریقا هــەن و بــە پێســتە هێڵکارییــەکانیان لــە گوێدرێـژی ئاسـایی جیادەکرێنـەوە. (لـە باسـی گوێدرێـژی کێویـدا کورتـە باسێکی ئەمجۆرەیانمان کردووە).




## (٨) نەهەنگ (الحوت– whale) و ماسی (السمك– Fish)

خـوای گـەورە دەفـەموێت: ﴿وَمَا يَسْتَوِي ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ فاطر/١٢. واتە: هەردوو جۆر دەریا وەك یەك نین، یەكێكیان ئاوی سازگار و خۆش، ئـەوی تریـان سـوێر و تـاڵ، لـە هـەردووكیان گۆشـتی تـەڕ و تـازە دەخۆن، جۆرەها شتی گرانبەها دەردێنن و لەبەری دەكەن و خۆتـانی پـێ دەڕازێننەوە. ئینجا كەشتییەكان دەبینن ئاوەكە لەت دەكەن و (بەئاسانی پیایدا دەڕۆن) تـا لـە بەخششـەكانی پـەروەردگار بـەهرەوەر ببن، بـەڵكو سوپاسگوزاریش بن.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ﴿دوو مردووتان بۆ حـەڵاڵ كراوە نەهـەنگ (ماسی) و كوللە﴾ سنن إبن ماجه.

نەهەنگ و ماسی تەنها بە دەرهێنانیان لـە دەریـا و ئـاو دەمرن، یـاخود هــەر بــەهۆی پێداكــەوتنی تەوژمــە گــەرم و ســاردەكانەوە دەمــرن و



ســـەردەكەونە ســـەر ڕووی دەریا خوێدارەكان، ئەمـەش حەڵاڵە و هیچ مەترسییەك لە خواردنیدا نییە.

درێـــژی نەهـــەنگێكی پێگەیشـتوو دەگاتـە نزیكـی

٤٥مەتر و کێشەکەی ١٥٠تەن. ئەو هەستانەی لای نەهەنگ بەهێزن بیستن و بینین و هەستکردنن. نەهەنگ لەنێو شیردەرەکاندا خاوەنی گەورەترین مۆخە. نەهەنگی شین گەورەترین و قورسترین شیردەرە. زۆربەی نەهەنگەکان بە کۆمەڵ دەژین و دەتوانن تاقولایی ٣ کیلۆمەتر بچنە ژێر ئاوەوە، جارجارە بۆ هەناسەدان دێنە سەر ڕووی ئاو و لەڕێی دەرچەیەکەوە لەسەرەوەی کاسەی سەری هەوا بەکارهاتووەکەی نێو سییەکانی دەکاتە دەرەوە. نەهەنگ دەتوانێت ماوەی ١٥خولەك لەژێر ئاودا بمێنێتەوە، نەهەنگە گەورەکانیش سێ ئەوەندەی ئەوکاتە دەتوانن بمێننەوە.

گۆشتی نەهەنگ سوودگەلی گەورەی هەیە، بڕێکی زۆر لە پرۆتینەکانی تێدایە کە بەهایەکی خۆراکی گەورەیان هەیە، هەروەها دەوڵەمەندە بە ترشە ئەمینییەکان و ڕێژەیەکی بەرز لە فۆسفۆر کە بۆ پێکهاتەی شانەکان و ئێسکی منداڵ گرنگە. جگە لەوانەش کالیسیۆم و ڤیتامین (A) تێدایە کە بۆ سەلامەتی بینایی و پێست بایەخی گەورەیان هەیە.


لە گرنگترین سوودە پزیشکییەکانی زەیتی نەهەنگ: ڕێژەی کۆلیسترۆڵ دادەبەزێنێت و پەستانی خوێن کەمدەکاتەوە و ڕێ لە هەوکردنەکانی پێست و جومگەکان دەگرێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ المائدة/٩٦. واتە: خواردنی زیندەوەرانی دەریایی حەڵاڵە بۆتان، هەر خواردنێکیش لەوان وەرگیرێت، هەروەها بۆ ئەوکەسانەش کە لەسەفەردان و ڕاوی زیندەوەرانی دەشتیی و کێوی لێتان حەرامە هەتا لە ئیحرامدا بن، لەو خوایە بترسن کە دەگەڕێنەوە بۆلای و بۆ لێپرسینەوە کۆتان دەکاتەوە.

(صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ) لە ئایەتەکەدا مەبەست هەموو ئەوەیە کە ڕاودەکرێت لە نەهەنگ و ماسی و... بەڵام (وَطَعَامُهُۥ) ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن ئەوەی بە مردوویی لە دەریاوە بەدەستدێت، ئێستا ماسی دەگرێتەوە.

ماسی دەکرێت بە دوو جۆرەوە: جۆرێکیان ئێسکییە و پەیکەری ناوەوەیان ئێسکی ڕاستەقینەی هەیە و دووەمیش کرکڕاگەییە... ماسییەکان خۆیان پۆلێکن و جیاوازن لە نەهەنگە شیردەرەکان بەوەی گەرا دادەنێن. بەهۆی کەوانەی ڕیشودارەوە هەناسە دەدەن نەك بەهۆی سییەوە و تەنها لەناو ئاویشدا هەناسە دەدەن. ماسی بەهۆی جوڵەی کلکییەوە بۆ پێشەوە پاڵی پێوە دەنرێت و پەڕەکەکانیشی ئاڕاستەی جوڵەی ڕێکدەخەن. هەندێ ماسی لە ئاوی شیرین و هەندێکی تر لە ئاوی سوێردا دەژین. زۆربەی ماسییەکان بە پولەکە داپۆشراون.

لە قووڵایی کیلۆمەترێك یان زیاتری دەریادا ماسی شێوە سەیر دەژین، ڕەنگیان زیاتر سوور و ڕەشە. لە تەنیشتەکانی هەندێکیاندا پەڵەی تایبەتی هەن کە ڕووناکی مەیلەو سپی دەردەکەن.



## (٩) بەراز (الخنزير– pig)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ ۚ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾المائدة/٦٠. واتە: (پێیان) بڵێ: ئایا هەواڵی لەوە خراپترتان بدەمێ کە کێ زەرەرمەندە و پاداشتی سامناکی بۆخۆی مسۆگەرکردووە؟! (لەڕاستیدا هەر ئەوجۆرە کەسانەن کە) خوا نەفرینی لێکردوون و ڕقی لێهەڵگرتوون، (هەندێك جاریش) کردوونی بە مەیمون و بەراز و بە بەندەی هەموو شتێکی ناشایستە. ئا ئەوانە جێگا و ڕێگایان زۆر ناساز و ناخۆشە، زۆر گومڕا و لادەرن لە ڕاستەڕێ و لە ڕێبازی دروست.

لەبارەی حەرامکردنی گۆشتی بەرازیشەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ ۖ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾النحل/١١٥. واتە: بەڕاستی تەنها گۆشتی مردارەوەبوو، خوێن، گۆشتی بەراز، ئەو سەربڕاوانەی کە بەناوی جگە لە خواوە سەردەبڕێن، لێی حەرامکردوون، بەڵام ئەوەی ناچاربوو (برسێتی زۆری بۆ هێنابوو، دەکرێت لەو گۆشت و شتە حەرامانەش بخوات بەمەرجێك) زیادەڕەوی تیانەکات و فێری نەبێت، (تەنها ئەوەندە بخوات کە لە مردن ڕزگاری ببێت) بێگومان (لە بار و دۆخی ئاوادا) خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە.

لە هۆکارە دیارەکانی حەرامکردنی گۆشتی بەراز ئەوەیە کە گەورەترین کۆگای میکرۆب و مشەخۆری زیانبەخشە. بەشێوەیەك کە ٣٠ جۆر

نەخۆشـی بـۆ مـرۆڤ دەگوێزێتـەوە، مەترسـیدارترینیان کرمـی دەزولەییـە (الدودة الشعرية– **Trichiella**) و ٣٤ نەخۆشـی ڤایرۆسـی کـە دیارترینیـان ئەنفلۆنزای بەرازە و ١٥ نەخۆشی بەکتری کـە مەترسـیدارترینیان نەخۆشـی (الحمـرة– **Erysipelothrix**)یـە، ٣ نەخۆشـی (فطريـة) و ١٠ نەخۆشـی خۆراکی وەك قەڵەوی و بەرزبوونـەوەی کۆلیسـترۆڵ (هـەموو ٢ کیلۆگرامێك گۆشتی بەراز کیلۆیەك چەوری تێدایە واتـە بەڕێـژەی ٥٠٪، بەرامبـەر بـەوە گۆشتی مەڕ ڕێژەی ١٧٪ و مانگا ٥٪ی چەوری تێدایە). ڕێژەی کۆلیسـترۆڵ لە چەوری بەرازدا بۆ مەڕ بۆ مانگا یەکسانە بە ٩: ٧: ٦.

هەروەها گۆشتی بەراز چەند نەخۆشییەکی دیکەش توشی مرۆڤ دەکات وەك ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و پەستان و شێرپەنجە.

لە هۆکارەکانی تر ئەوەیە چـەورییەکەی کـە ناتوانرێت لـە گۆشـتەکەی جیابکرێتەوە ڕێژەیەکی زۆر کبریتی تێدایە، گۆشـتەکەی بڕێکـی زۆر ترشـی



(بۆلیك)ی تێدایە و هەموو ئەوانـەش ئـازاردەرن و هۆکاری شێرپەنجەن.

سـەلمێنراوە ئەگـەر چـەوری بـەراز بخورێـت ئەوا لە چەوری نێو لەشی کەسـەکەدا هـەمان پێکهاتەی چـەوری بەرازەکـە دروسـتدەبێت (هـەر بۆیـە ئەگـەر لـە حاڵـەتی برسێتییەکی زۆردا مرۆڤ ناچاری خواردنی بوو پێویستە تێری لێ نـەخوات و بە ٣ پاروو دەستهەڵگرێت).

ئەو کەسەی گۆشتی بەراز دەخوات سروشت و ڕەفتارەکانی وەردەگرێت، وەك مەیل نەبوون لە مێیە و کۆمەڵێك خەسڵەتی بەدی تر.

لێکۆڵینەوەی زۆر هەن ڕەفتاری مرۆڤ پەیوەست دەکەن بە خواردنی گۆشت و بەرهەمی ئەو ئاژەڵەی دەیخوات. بۆنموونە ئەو کەسانەی گۆشتی وشتر دەخۆن بە ئارامگری و بەرگەگرتن جیادەکرێنەوە، ئەوانەش کە زیاتر گۆشتی مەڕ دەخۆن هێمن و لەسەرخۆن و... بەوجۆرە.

بەراز تەمبەڵە و حەزی بە ڕووناکی نییە، حەزدەکات بخوات و بخەوێت و زۆریش چڵێسە، چەند تەمەنیشی زیادبکات تەمبەڵتر دەبێت. هیچ ورە و ئیرادەیەکی جەنگ و بەرگری لەخۆکردنێکی نییە. هەموو شتێك دەخوات، تەنانەت کەڕوو و کرم و ماریش... ئاژەڵێکی پیسوچەپەڵە و حەزی بە خۆوەردانە لە قوڕ و لیتە.

بەراز لە سەرجەم کیشوەرەکانی جیهاندا هەیە جگە لە کیشوەری جەمسەری باشور. بەرازی کێوی بە ناشیرینترین شیردەرەکان دادەنرێت لە دیمەنیدا. ڕووخساری درێژکۆلەیە و چوار شێوە کەڵبە لە دەمیەوە دەرچوون، چاوەکانی بچوکن... ئەم بەرازانە خێراییان دەگاتە ٥٠کیلۆمەتر لە هەر کاتژمێرێکدا، کاتێك دەڕوات کلکی بەرزدەکاتەوە. مێیەی بەرازی کێوی لەهەر زانێکیدا ٢-١٢ بێچووی دەبێت، بەڵام بەرازی ماڵی ژمارەیەکی زیاتری دەبێت. ماوەی سکپڕیشی ٣,٥-٥ مانگە و بێچووەکانیشی تاڕادەیەك قەبارەیان گەورەیە.


## (١٠) ئەسپ (الخيل– Equine)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴿٣٢﴾ رُدُّوهَا عَلَىَّ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴾ ص/٣١–٣٣. واتە: دەمەو ئێوارەیەك ئـەو ئەسـپە چـاكانەی (كـە ئامـادەكرابوون بـۆ غـەزا) هێنایـان و نمایشـیاندا. سولەیمان وتی: من هەمیشـە حـەز لـەمجۆرە كارانـە دەكـەم و گرنگـی بـەم ئەسـپانە بـە خێـر دەزانم (لەگـەڵ ئەوەشـدا نابێـت ببنـەهۆی ئـەوەی) كـە لەیادی پەروەردگارم بێئاگام بكـەن و یـادی فـەرامۆش بكـەم، (ئەسپەكان) غاریـان كـرد تـا لەچـاو ونبـوون. (لـەوەودوا سـولەیمان فـەرمانی دا) كـە بیانگێڕنەوە (و كە گەڕانەوە بۆلای) دەستی هێنا بە ڕان و ملیاندا.

ئەسپ ئاسان مەشقی پێدەكرێت و فێردەكرێت، زاكیرەیـەكی بـەهێزی هەیە و بەوەفایشە بۆ خاوەنەكەی. ئەسپ مانگێكی تەواو لەسەر پێیـەكانی بـەبێ مانـدوبوون بـەپێوە دەوەسـتێت، هـەر بـەوجۆرەش دەخـەوێت. قاچەكانی ئەسپ درێژ و بەهێزن، یارمەتی دەدەن لە ڕاكێشـانی گالیسـكە و لێدانی هەر هێرشبەرێك بۆی. كونەلوتی فراوانـە و ئـەوەش یارمـەتی دەدات لە هەڵمژینی هەوای پێویست. دیارترین هەستە بەهێزەكانی ئەسپ بـریتین لە: بینین و بیستن و بۆنكردن.

ئەسپ دوو جۆری سـەرەكی هەیـە: ئەسـپی عـەرەبی خێـرا كـە ئەسـپی پێشبڕكێیەكانن و ئەو ئەسپەی كە لە دۆڵی دەریای (كلایدویشـار) هەیـە بـۆ ڕاكێشانی قورسـایی بـەكاردێت. ئەسـپی بچـوكیش هـەن بـەرزییان دەگاتـە

نزیکەی یـەك مـەتر و بیسـت سـانتیمەتر و کێشـیان ٢٢٥کیلـۆگرام دەبێـت. نـەژادی ئـەمجۆرە ئەسـپە دەگەڕێتـەوە بـۆ دوورگـەی (شـتلاند) لـەباکوری (ئوسکتلەندە) و بە (فولابیلا) ناسراوە.



## (١١) گورگ (الذئب- wolf)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِيٓ أَن تَذْهَبُواْ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ لَئِنْ أَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّآ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴾ یوسف/١٣-١٤. واتـە: باوکیـان وتـی: مـن زۆر غەمناك دەبم کە ئێوە یوسف بەرن، دەترسم گورگ بیخـوات و ئێـوە گـوێی نـەدەنێ و لێـی بێئاگـابن... وتیـان: گـەر بێـت و یوسـف گـورگ بیخـوات، ئێمـەش کۆمـەڵێکی ئـاوا بـەهێز لەگەڵیـدا بـین، بەڕاسـتی ئێمـە زۆر خەسارەتمەندین.

مەبەسـتی ئایەتەکـە گورگـە بەشـێوەیەکی گشـتی (هـەر ڕەگـەزێك)...



ئایەتەکان باس لە ڕەفتاری دوژمنکارانەی کەڵبـەدارەکان دەکـەن. لـەو ئایەتانـەدا یەعقوب پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) لـەبارەی یوسـفەوە بـە کوڕەکـانی تـری دەڵێت: "دەترسم گورگ بیخـوات و ئێـوە لێی بێئاگابن".

ڕەفتاری دوژمنکاریش لـە دوو حاڵـەت بـەدەر نییـە: باڵادەسـتی و سـەرۆکبوون یاخود ترس لە بوونی هێزی تر. هەمیشـە کەڵبـەدارەکان دەبیـنین بـەدوای ئەوانـەدا ڕادەکەن کە ڕادەکەن، یاخود لەوە ڕادەکەن کە بەدوایانەوەن.

گورگ گەورەترین ئەندامی خێزانی کەڵبەدارەکان پێکدێنن کە سەگ و ڕێوی و چەقەڵ و پشیلە دەگرنەوە. گورگ لە وەرزی زستاندا دەزێت و ماوەی سکپڕیشی ٦٥ڕۆژە و لە هەرجارێکدا مێیە ١-١١ بێچووی دەبێت کە لەکاتی لەدایکبوونیاندا کوێرن و نابیستن.

گورگ هەستی بەهێزی هەیە، بینین و بۆن و بیستنی زۆر هەستیاری هەیە بەڕادەیەك کە دەتوانێت ئاسکێك لەدووری ١٦٠٠مەترەوە ببینێت و بۆنی بکات. کەڵبەدارەکان بەگشتی تەنها چوار پەنجەیان هەیە بە پەلەکانی دواوەیانەوە... ناتوانن بە درەختدا هەڵگەڕێن، بەڵام شەڕکەرێکی کارامەن.



## (١٢) مێش (الذباب- Flies)

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُواْ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُواْ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ﴾ الحج/٧٣. واتە: ئـەی خەڵکینـە! نموونەیـەك هێنراوەتـەوە چاك گـوێی بـۆ بگرن: بەڕاستی ئەوانەی کە لەجیاتی خوا هانا و هاواریان لێدەکەن، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێکیش دروستبکەن، هەرچـەندە بـۆ ئـەوکارە کۆببنـەوە و (یارمەتی یەکتریش بدەن) و ئەگەر مێشەکە شتێکیان لێ بفڕێنێت، نـاتوانن پێی بزانن و لێی بسەننەوە، لەڕاستیدا هەم بتەکان لاواز و هیچ لێنـەهاتوون هەم مێشەکەش لاواز و بێهێزە.

مێش کوڵك لەسەر لەش و پێیەکانی هەیە، هەربۆیە بەشداری لە کرداری پـەڕینی گـوڵ و ڕووەکەکانـدا دەکـات... خـــوای گـــەورە تەحـــەددا دەکـــات مـــرۆڤ بتوانێـت ئـەو شـتەی مـێش دەیگرێـت و دەیبات لێی بسەنێتەوە. مـێش خورتـومی هەیە و بەهۆیەوە خۆراکەکـەی دەمـژێت و لـەماوەی چـەند چـرکەیەکی زۆر کەمـدا هەرسی دەکات و هەرگیز کـەس ناتوانێـت لێـــی بســـێنێتەوە (ضَـعُفَ الطَّالِـبُ وَالْمَطْلُوبُ).



مێش خورتومی هەیە خۆراکی پێدەمژێت و زمانی هەیە، ئەگەر مێش ڕێکەوتی خواردنێکی ڕەقی کرد (وەك شەکر) لیکی بەسەردا دەکات، دەتوێتەوە و خورتومەکە دەیمژێت. مێش چاوی گەورەی هەیە کە ژمارەیەکی زۆر هاوێنەی شەشی تێدایە یارمەتی دەدات بۆ بینین بە هەموو ئاراستەکاندا. زۆربوونی خێرایە و لەهەر جارێکدا نزیکەی ١٥٠ گەرا دادەنێت.

خواردنی مێش ئەندامییە، یان ئاژەڵییە یاخود ڕووەکی... مێش لەڕووی پۆلێن و پێکهاتەی لەش و هەندێك خووی وەك هەڵێنجانەوەوە (Regurgitation) لە مێشوولە دەچێت. دەتوانێت ماوەی ٣-٤ کیلۆمەتر لە خاڵی دەرچوونیەوە بفڕێت یاخود گەشت بکات بۆماوەی ٢٤ کیلۆمەتر. دڵی مێش ١٠٠جار لە خولەکێکدا لێدەدات.

# (١٣) باڵندەی شەلاقە (السلوی- Quail)

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ۖ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ ۖ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ البقرة/٥٧. واتە: لە ناز و نیعمەتەکانی خوا بۆتـان ئەوەیـە کـە: ئێمە هەورمان بۆ کـردوون بـە سـێبەر و گـەزۆمان بـۆ باراندن و پـەلـەوەری شـەلاقەمان بـۆ نـاردن، دە بخـۆن لـەو ڕزق و ڕۆزییـە چـاکانەی پێمـان بەخشیون (بەڵام لەبەر بێ دینی و ستەمیان) تۆڵەمان لێ سەندن، وەنەبێت ئێمە ستەممان لێ کردبن، بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لەخۆیان دەکرد.



قورئـان ئامـاژە دەدات بـەوەی منـەتێکی خواییە لەسـەر نـەوەی ئیسـرائیل کـە هـەموو ڕۆژەکـانی هەفتـە جگـە لـە شـەممە خـۆراکی پێویستی پێدەدان، ئـەو (سـلوی)یـەی خـوای گەورە بە نەوەی ئیسرائیلی بەخشـیبوو، بـۆ هەریەکـەیان بـەبرژاوی دەهـات، دەیخـوارد و ئێسـکەکانی جێدەهێشـت و لەپاشـان بـە فـەرمانی خـوا دەبـووەوە پەلەوەرەکە.

شەلاقە لە خێزانی باڵندەماڵییەکانە و لە هەموو جیهاندا هەیە بەتایبەت لـە دوورگەکانـدا وەك دوورگـەی (مدگشـقر) و یابـان و گینیـای نـوێ و نیوزیلەنـدا و فیلیـپین... بـە کۆچـکەرەکانیش دادەنـرێن. شـەلاقە چـەند جۆرێکی هەیە و لە کۆمەڵی گەورەدا دەژین کە هەر کۆمەڵە ١٠٠ باڵندەیە.

# (١٤) مەڕ (الضأن- Sheep) و بزن (الماعز- Goat)

خوا دەفەرموێت: ﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ الأنعام/١٤٣. واتە: (خوای گەورە) هەشت جووت ماڵاتی (بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستکردووە) لە مەڕ جووتێك و لە بزنیش جووتێك (ئەی محمد ﷺ) بەو نەفامانە بڵێ کە هەر لە خۆیانەوە شت حەرام دەکەن) ئایا خواردنی گۆشتی نێرەکان حەرامە یان مێیەکان یا ئەوەی لە سکی مێیەکاندا هەیە؟! ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و بەڵگەیەکی زانستیتان پێیە، بۆمان ڕوون بکەنەوە.

مەڕ لەپێناو شیر و گۆشتەکەیدا بەخێو دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی خوری و فەروەکەشی بەکاردەهێنرێت. مەڕ ساڵانە یەك جار دەزێت، جۆری مەڕ هەیە تەنها نێرە شاخی هەیە و هەیشە نێرە و مێیەیش هەیانە و مەڕیش هەیە بێ شاخە. ژمارەی پۆلەکانی مەڕ لە جیهاندا ٣٧ پۆلن... شاخی نێرەکان بەشێوەی بازنەیی خول دەخۆن، کاتێك بەگژ یەکدا دەچن بەرەو یەکتر ڕادەکەن و خوارەوەی شاخەکانیان پێکدا دەدەن و



لـەوەش دەنگێك دروستدەبێت و دۆڵ و دەشتەكەی كە تێیدان پڕ لەو سـەدایە دەكـەن، لەڕاستیدا ئـەو جـەنگین و بەگژیەكـدا چـوونە هـیچ شوێنەوارێكی ئازار و برینی سەر و لەوجۆرە لای مەڕەكان جێناهێڵێت.

مـەڕ دەتوانێت لەسـەر گـژوگیای كـەم و زەوییـەكی وشـكەلانیش بـژی. پێویستی زۆری بەخوێ هەیە و دەیخوات، چونكە ئارەزووی خـواردنی زیاد دەكات و فەروەكەی لە حاڵەتێكی باشدا دەهێڵێتەوە و دەپارێزێت.

فـەروە ئـەو خورییەیـە كـە لەشـی داپۆشـیوە و لـە ئاووهـەوای سـارد دەیپارێزێت، لە هاویندا خوری مەڕ دەبڕدرێتەوە بۆئەوەی گـەرمای هـاوینی لەسـەر كـەم ببێتـەوە، لـە هـەر بڕینەوەیەكدا نزیكـەی ٢ كیلۆگرام خـوری بەرهەم دێت.

بزن لە هەندێك ولاتدا بـە مەبەسـتی شـیر و گۆشـت و مووەكـەی بـەخێو دەكرێت. بزن مووی كورتە و قاچەكانی لە قاچی مەڕ درێژترن و بەزۆری لـە ولاتە گەرم و وشكەكاندا دەژین، لە ڕۆیشتن و جوڵەیاندا بە ورە و ئازاترن.



بـزن توانـای بەرگـــەگرتنی نەخۆشـــییەكانی هەیـە و ئاسـان بـەڕێوەدەبرێت و بەخێودەكرێت... . شـیری بـزن لـە شـــیری مانگـــا ئاســانتر هــەرس دەكرێــت. مێیــەی بزنــی مــاڵی ١-٣ بێچـووی دەبێـت، لەدایكبوونی دوانەش زۆر باوە.

بەڵام بزنی کێوی لەهـەر جارێکدا تـەنها بێچوویەکی دەبێـت و دوانـەیی تێدا زۆردەگمەنە. بزنی کێوی لەسەر بەرد و کەندەڵانەکان دەژی. لەش ڕێك و تاڕادەیـەك پـێ جـێگیرن و بـەهۆی هەسـتە بـەهێزەکانی چـاودێری و بەردەوامییـەوە ڕێ بـە لێنزیکبوونـەوەی دوژمنـەکانی نـادات. لـە جولـە و ڕاکردنیشدا خێرایە.

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِى ٱلْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَٰهِدِينَ ﴾ الأنبياء/ ٧٨. واتە: داود و سولەیمان کاتێـك کـە دەربـارەی ئـەو بێسـتان و کشـتوکاڵەی کـە مـەڕ و مـاڵاتی هەنـدێك کـەس تیایـدا بڵاوبوونـەوە بڕیاریـان دەرکـرد، زیانیـان بـە کێڵگەکـە گەیانـد و ئێمـە شـایەت بـووین لەسـەر ئـەو داوەری و بڕیـارەی ئەوان.

## (١٥) بۆق (الضفدع- Frog)

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴾الأعراف/١٣٣.

واتە: ئێمەش بەڵای لافـاو و کوللـە و ئەسـپێ و بـۆق و خوێنمـان بـۆ ناردن (بەدەسـت هـەر یـەکێك لـەو بەڵایانـەوە ماوەیـەك دەتلانـەوە و گیریـان دەخوارد) کەچی هەر خۆیـان بـە زل و گـەورە دەزانـی، تـا بڵێـی قـەومێکی تاوانبار و تاوانکاربوون.

لەم ئایەتەدا باسی بۆق کـراوە بـەوەی سـەربازی خـوا بـوون و بـۆ سـەر فیرعەون و نەتەوەکەی نێردران، بەشێوەیەك کە لە خواردنیانـدا و تەنانـەت لە دەمیشیاندا هـەبوون، تـا بەداوایـەکی موسا پێغەمبـەر (سـەلامی خـوای لێبێت) ئەو سزایە لەسەریان هەڵگیرا.

بۆق ئاژەڵێکی وشکاوەکییە، پێستێکی لوس و خـزی ڕەنـگ سـەوز یـان قـــاوەیی هەیـــە، زۆرجـــــــاریش پەڵەپەڵـــــــەن. چـاوەکانی و دەمـی گەورەن و پێیـەکانی دواوەی لـــــەوانی پێشـــــــەوەی گەورەترن و ئەوەش



یارمەتی بەئاسانی مەلەکردن و خۆ نقوم کردنی لە ئاودا و بەباشی بازدانی دەدات.

زمانی بۆق لە پێشەوەی دەمیدا چەسپاوە و بۆ ناوەوە نوشتاوەتەوە، لەلاکانی زمانیدا دەردراوی لینج هەیە و بە جوڵەیەکی خێرا بۆ مێرووی هەڵدەدات و پێوەی دەلکێنێت و کە نێچیرەکەی گرت زمانی بەرەو دەمی دەگێڕێتەوە.



## (١٦) جاڵجاڵۆکە (العنکبوت– Spider)

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ ﴾ العنکبوت/٤١. واتە: نموونەی ئەوانـەی جگـە لـە خـوای گـەورە کەسـانێکی تـر دەکەنـە پشـتیوانی خۆیـان، وەك نموونەی جاڵجاڵۆکەیەك وایە کە ماڵێـك بـۆ خـۆی سـازبکات، (بـە مـەرجێك) نابودترین و لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر سـەرنجی بـدەن و تێـی بگەن.


لـەم ئایەتـەدا بەدیهێنـەر هـەواڵمان دەداتـێ ئـەوەی مـاڵی جاڵجاڵۆکـە دروستدەکات مێیەکەیە نەك نێرە، بە بەڵگەی بونی (تـاء التأنیـث) لەسـەر وشـــەی (اتَّخَذَتْ). ئـــەو ماڵـــە مـــاڵێکی لاوازە و لاوازییەکەشـــی مادديـــە هەرچـەندە لـە ڕایـەڵی جاڵجاڵۆکـە ڕایـەڵێك دروسـتکراوە بـەهێزتر لـەو ئاوریشمەی (کرمی ئاوریشم) دروستیدەکات.



سیفەتی ماڵ و لانەی نیشتەجێبوون ئەوەیە خاوەنەکـەی لـە سـەرما و گـەرما و ئـاڵوگۆڕی کـەش و ئـازاری زینـدەوەرە بـەهێزترەکان بپارێزێـت، بـەڵام ئـەم خەسـڵەتە لـە مـاڵی جاڵجاڵۆکـەدا نییـە. لاوازییـەکی تـر لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، سـەلمێنراوە مێیـەی جاڵجاڵۆکـە لـەدوای زەماوەنـدکردن لەگەڵ نێـرەدا، نێـرە دەکوژێـت و دەرخـواردی بێچـووە بچـوکەکانی دەدات لەدوای دەرچوونیان لە گەراکانیان.

ئایەتەکە باس لەوە دەکات جاڵجاڵۆکە بەدەگمەن ماڵ دروستدەکات، وەك دەفەرموێت: (كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتۡ بَيۡتٗاۖ) چونکە جاڵجاڵۆکە بەدەگمەن ماڵ پێکدێنێت و وەك مێروویەکی گەڕیدە دەمێنێتەوە.

بڕوانە! پاکو بێگەردی بۆ خوای مەزن، لەکاتی کۆچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککەوە بۆ مەدینە، جاڵجاڵۆکە دەست لە گەڕان و گەشتی خۆی هەڵدەگرێت و لە دەرگای ئەشکەوتی (الثور)دا ماڵی خۆی بۆ پارێزگاری خۆشەویستی خوا دروستدەکات.



جاڵجاڵۆکە هەشت قاچی هەیە، لەشی دابەش دەکرێت بۆ سەر و سنگ و سك. هەروەها هەشت چاوی هەیە، هێلانەکەی لە ڕایەڵی ورد پێکدێت (پێشتر باسکراوە) و ماوەی دروستکردنەکەی ٣٠خولەك دەخایەنێت.

دوای ئەوەی جاڵجاڵۆکە تۆڕەکەی (داوەکەی) بونیاتدەنێت لەژێر گەڵایەکدا خۆی حەشاردەدات، هەرکات مێش بەر تۆڕەکە دەکەوێت بەڕایەڵی پەیوەست بە جاڵجاڵۆکەکەوە جوڵەکەی دەنێرێت، لەوکاتەدا دەمودەست دەگاتە نێچیرەکە بەبێ ئەوەی قاچی بەر لانەکەی بکەوێت، دەیکوژێت و بەپەردەیەکی ئاوریشمی دەوری دەدات و بۆ نێوەندی لانەکە ڕاپێچی دەکات تاکو شلەکەی لەشی بمژێت و بخوات.

جاڵجاڵۆکەی دەرگایی چاڵێك دروستدەکات و بە ڕایەڵی تایبەتی خۆی ناوپۆشی دەکات و چاوەڕێی نێچیر دەکات، هەر کە گوێی لە تەپە و دەنگی نێچیرەکە بوو دەستبەجێ دەیگاتێ، دەیگرێت و دەیکوژێت و دەیکاتە خۆراك.

## (١٧) قەلەڕەش (الغراب–Crow )

ئەودەمەی قابیل هابیلی برای شەهید دەکات و بەدەست تەرمەکەیەوە گیردەخوات و نازانێت چی بکات، خوای گەورە بۆ تێگەیاندنی قەلەڕەشێك دەنێرێت. پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِي سَوْءَةَ أَخِيهِ ۚ قَالَ يَٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوْءَةَ أَخِي ۖ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ﴾ المائدە/٣١. واتە: خوای میهرەبان قەلەڕەشێکی نارد و چاڵێکی لە زەویدا هەڵکەند (بۆ قەلەڕەشێکی مردارەوە بوو) تا نیشانی بدات چۆن لاشەی براکەی بشارێتەوە، (ئەوجا کە ئەوەی دی) وتی: هاوار لە من، من نەمتوانی وەکو ئەو قەلەڕەشە بکەم و بەقەدەر ئەوم پێنەکرا تا لاشەی براکەم ئەسپەردە بکەم، ئیتر بۆ هەمیشە چووە ڕیزی پەشیمانانەوە.



قەلەڕەش باڵندەیەکی گەورەی ڕەشە و لەبەر ڕەشییەکەی وەها ناونراوە. قەلەڕەش لاك و ئاژەڵە بچوکەکان و هێلکە و مێرووەکان دەخوات، لەم ڕووەوە بۆ کشتوکاڵ سوودی هەیە، بەڵام جۆری تری هەیە بەرهەمی کشتوکاڵی وێران و خراپ دەکەن.

قەلەڕەش کارامەیە و بینایی تیژە و زیرەکە و قاچەکانی بەهێز و ئامادەی ڕۆیشتنی درێژن. دەنووکی درێژ و بەهێزە. هێلانەکەی لە بەرزایی و ترۆپکی درەختەکاندا بونیات دەنێت. مێیەی

قەلەڕەش چوار هێلکە دادەنێت و چاودێری دەکات، نێرە خۆراکیان بۆ دێنێت، بێچووی قەلەڕەش دیمەنیان ناشیرینە.


وەك تێبینی دەکرێت قەلەڕەش لەسەر کارەساتەکان کۆدەبنەوە، جا ڕووداو بێت یان مردن، وەك ئەوەی مژدەی (هەواڵی) خراپەیان پێبێت دەقیڕێنن... دەبێت ئاگاداربین پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێکردووین لە نموونەی ئەو کارانەوە ڕەشبین بین.



## (١٨) پەپوولە (الفراش- Butterfly)

خـــوای میهرەبـــان دەفـــەرموێت: ﴿ يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ ﴾ القارعة/٤. واتە: ئەو ڕۆژە خەڵکی وەکو پەپوولەی سەرگەردان پەرش و بڵاودەبنەوە.

پەپوولـە ژمارەیـەك هێلکـە دادەنێـت کـە کرمۆکـەی لـێ دەردەچێت و خـۆراکی لەسـەر گـەڵای درەخـت دەبێـت پاشـان بـە قۆنـاغی قۆزاخـەدا تێپـەڕدەبێت و تێیـدا دەمێنێتـەوە تـا گەشـەکردنی تـەواو دەبێـت و وەك پەپوولەیەکی کامڵ دێتەدەرەوە... تەمەنی هەندێك پەپوولە لـە هەفتەیـەك تێپەڕ ناکات و هەندێکیشیان بۆ ١٨مانگ درێژدەبێتـەوە. خـۆراکی پەپوولـە لەسەر گوڵاو و گوڵ و دەنکەهەڵاڵەیە.




ژمارەی ئەو هێلکانـەی پەپوولە لـە هـەر جارێکدا دایانـــــدەنێت ٤٥٠-٥٠٠ هێلکەیـە، بـۆ پارێزگـاری لێیان بـەهۆی ماددەیەکی ڕایـــەڵی لکێنـــەرەوە پێکیانـــەوە دەبەسـتێت، بـــەوەش بـــەملاولادا بڵاونابنەوە. لەدوای دەرچوونی ئەم کرمۆکانە بەهۆی ئـەو ڕایەڵانـەی خـۆی دەریـان دەدەن خۆیـان بـە لقوپـۆپی درەختێکـی گونجـاوەوە دەلکێـنن،

لەپێناو گەشەکردنیدا دەردراوی ڕایەڵی دەردەکات بۆ چنینی قۆزاخەکە، هەموو ئەم کارانەش لەماوەی ٣-٤ ڕۆژدا ئەنجام دەدرێن.

لەم ماوەیەدا هەزاران جار ئەو ڕایەڵە بەدەوری خۆیدا دەگێڕێت، لەئەنجامدا نزیکەی ٩٠٠-١٥٠٠ مەتر ڕایەڵ بەرهەمدێت، دوای ئەوەی لەم کارە تەواو دەبێت بەبێ وەستان دەست بە کاری خۆگۆڕین دەکات لە کرمێکی ناو قۆزاخەوە بۆ مێروویەکی کامڵ (پەپوولە).

ئەگەر بەوردی تەماشای باڵی پەپوولە بکەین هاوتایی و (تناظر)ێکی ڕوون دەبینین لە شێوەکانی و خاڵ و ئەو ڕەنگەی دەیڕازێنێتەوە، بەڕاستی باڵەکانی پەپوولە وەك تابلۆیەکی جوان و قەشەنگ خولقێنراون. هەر باڵێکیان کتومت لە باڵەکەی تر دەچێت.




## (١٩) فیل (الفیل–Elephant)

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ﴾ الفيل/١. واتە: ئایا نەتبینی (ئەی پێغەمبەر (ﷺ)) پـەروەردگارت چـی بـە خاوەن فیلەکان کرد؟!

جگە لە نەهەنگ فیل بە گەورەترین ئاژەڵە شیردەرەکان دەژمێردرێت، بۆیە گەورەترین ئاژەڵی وشکایی (زیندوو)ە.

بەرزیی گەورەترین جۆری فیل دەگاتە سێ مەتر و نیو (لە زەوییەوە تـا شانەکانی) و کێشی ٨تەن و ناوەندی تەمەنی ٦٠–٧٠ ساڵ دەبێت. پێستی زبـرە و مـووی پێـوە نییـە. پەلـەکانی فیـل لوولـەکی گـەورەن و وەك پایـە وەهان و پێیەکانی کورتن و پێنج پەنجەیان هەیە.



فیل خورتومێکی درێژی هەیە کە بریتییە لە درێژبووەوەی لوت لەگەڵ لێوی سەرەوە، بەکاریدەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی خۆراک و هەڵمژینی ئاو، جا ئەو ئاوە بەرەو دەمی دەبات یاخود بە مەبەستی خۆ فێنککردنەوە بەرەو لەشی دەیپرژێنێت، هەروەها هەوای پێ بۆن دەکات و بەهۆیەوە هەست بە بوونی ئاژەڵانی تر دەکات.

دوو شیفرەی گەورەی هەیە و هەر ئەوەش هۆکاری نەمان و بنەبڕبوونیانە، چونکە سەرچاوەی سەرەکی (عاج)ن. درێژی شیفرەی فیلی ئەفریقی ٧– ٨ پێیە و کێشەکەی ٩ کیلۆگرامە. گوێیەکانی فیل وەك پانکە کاردەکەن بۆ خۆشکردنی هەوای دەوری لەشی. دەکرێت پلەی گەرمی لەشی بە ئەندازەی ٩ پلەی سەدی بەهۆی زۆری موولوولەی خوێن لە لەشیدا دابەزێنێت و بەوەش گواستنەوەی گەرمی بۆ هەوای دەوروبەری ئاسان دەکات.

چاوەکانی فیل بچوك و دوور لەیەکترن، بەجۆرێك کە دەتوانێت بەگۆشەیەکی کراوە ببینێت.

فیلەکان بەکۆمەڵ دەژین. بۆ بەدەستهێنانی خۆراکی تەواو و پێویست دوور دەڕۆن. فیل ٥٠٪ی کێشی خۆی خۆراك دەخوات و ١٨٠ لیتر ئاو لە ڕۆژێکدا دەخواتەوە و بەیەکجار بە خورتومەکەی ٩ لیتر ئاو هەڵدەلوشێت.

# (٢٠) مەیمون (القرد- Monkey)

خــوای مــەزن دەفــەرموێت: ﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْاْ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ﴾ البقــرة/٦٥. واتــە: "بێگومــان زانیوتانــە و ئاگادارن چیمان بەسەر ئەوانەدا هێنا کە ڕۆژانی شەممان دەست درێـژییان دەکرد و لەسنوور دەرچووبوون، (لەبەرئەوە) پێمان وتن و (بڕیارماندا) کە ببنە مەیمونی دوورخراوە (لەڕەحمەتی خوا).

بڕیاربوو جولەکەکانی شارەکەی قەراغ دەریا (ئیلیـە)، ڕۆژانـی شـەممان بۆ خواپەرستی تەرخان بکـەن و ڕاوەماسـی نەکـەن، دیـارە ماسییەکانیش هەستیان بەوە کردووە، بۆیە لەو ڕۆژەدا خۆیـان نوانـدووە، جولەکـەکانیش بیریان لە تەگبیر و فێڵێك کردەوە، ئـەویش بـەوەی لـە ڕۆژی هەینیدا داو و تۆڕیان بۆ بنێنەوە تا لـە شـەممەدا تێـی بکـەون، ڕۆژی یـەك شـەممان چـی کەوتۆتە داو و تۆڕەکانەوە دەریبهێنن، ئەمەش سەرپێچی فەرمانەکـە بـوو، بۆیــە خــوای گــەورە ئــەو بڕیارەی بەسەردا دان".



مەیمونــەکان دووجــۆرن: مــەیمونی جیهــانی نــویێ و مەیمونی جیهانی کۆن کـە لـە ناوچـە گەرمەکانـدا دەژیـن لـە ئــەفریقا و هینــد و ئاســیا. مەیمونی جیهانی نویێ لوتێکی پــان و کونــە لوتەکانیشــی

فراوانن.

لە جۆرەکانی مەیمون وەك گۆرێلا و ئۆرانج و شەمپانزی و جابون. گۆرێلا لە ئەفریقای ئیستوائی دەژی، کێشی قورسە و قەبارەشی گەورەیە و کلکی نییە. پێگەیشتوویەك لەم ئاژەڵە درێژیی دەگاتە دوو مەتر و نیو و کێشی ٢٢٥ کیلۆگرام... ئۆرانج لانەی خۆی لەسەر درەختی دارستانەکانی هێڵی یەکسانی زەوی لە (بۆرنیو) دروستدەکات. شەمپانزی لە خۆرئاوای ئەفریقا و ئەفریقای ئیستوائی دەژی. جامبۆن بچوکترین جۆرەکانی مەیمونە کە لە خۆرهەڵاتی ئاسیا دەژی.

شەمپانزی بەناوبانگترین جۆرەکانی مەیمونە، سەرەڕای ئەوەی بە درەختەکاندا هەڵدەزنێت و لە لانەیەکی سادەی پێکهاتوو لە گەڵا و لقی درەختەکاندا دەخەوێت، بەڵام زۆربەی کاتی ژیانی لەسەر زەوی بەڕێدەکات.

مەیمونە گەورەکان بە درەختەکاندا هەڵدەگەڕێن تاکو گەڵا و بەروبوومەکانیان وەك خۆراك بەکاربێنن. مەیمونی بچوکیش جوڵەی زۆرترە، دوو دەست و باسکی درێژی هەیە بەهۆیانەوە دەجوڵێت و بەنێو درەختەکاندا بازدەدات، کلکیشی وەك پەلێکی تر بەکاردەهێنێت. پێڵوی خوارەوەی مەیمون برژانگی هەیە کە لە ئاژەڵانی تردا وەها نییە.


مەیمون خێرا تێدەگات و توانای لاسایکردنەوەی هەیە، هەستی بینین لە مەیموندا بەهێزە و لەپێشەوەی هەستەکانی تردایە. لە دوورییە زۆرەکانەوە دەبینێت و دەتوانێت پێگەیشتوویی میوەکانی پێ جیابکاتەوە.

مەیمون ١-١٢ جار دەزێت و بێچوویشی وەك مرۆڤ لە سکیدا هەڵدەگرێت.

## (٢١) شێر (القسوره- Lion)

خـــوای گـــەوره دەفـــەرموێت: ﴿فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ﴾ المـــدثر/٥١. واتـــە: لەدەستی شێر هەڵدێن.

(قسورة) بە زمانی حەبەشی واتە شێر. لە ئەسیوبیا و دەوروبەری هەیە وەك سۆماڵ و سۆدان و گینیا. شێر لە ناوچە گژوگیاییەکاندا دەمێنێتەوە و ژمارەیەکی کەمیشی لە هیندی خۆرهەڵاتی خۆرئاواش هەن. پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری گێڕاویەتیەوە دەفەرموێت: (لە گول ڕابکەن (هەڵبێن) وەك هەڵاتنتان لە شێر). گول ئەوکەسەیە کە نەخۆشی گولی (Leprosy) هەبێت.



شێر لە خێزانی پشیلە گەورەکان (Feline) دەژمێردرێت. لەشی گەورەیە، درێژی لەشی شێرێکی تەواو پێگەیشتوو لە لوتیەوە بۆ کۆتایی کلکی ٩ پێیە واتە ٣مەتر. ئەم ئاژەڵە یاڵ و قژێکی ڕەنگ خۆڵی یان ڕەشی هەیە بەدەوری گەردنیدا، ڕەنگە بگاتە سکی، بەڵام دەڵەشێر ئەو یاڵ و قژە تایبەتییەی نییە.


بەهۆی ئازایەتی و بەهێزییەوە شێر بە "شای دارستان" ناودەبرێت.

شەوانە شێر بۆ ڕاوکردنی نێچیر

دەردەچێت. هێندەش بەهێزە دەتوانێت ئاژەڵە گەورەکانیش (وەك گامێش و گا) بکوژێت، بەڵام تەمبەڵە و نایەوێت زۆر خۆی هیلاك بکات، بۆیە بە ڕاوکردنی مەڕ یان گوێدرێژی کێوی قەناعەت دەکات. شێر لە نێچیری ئاژەڵانی دی ناخوات، کە تێری لە نێچیرەکەی خۆیشی خوارد بەجێیدەهێڵێت و ئیتر ناگەڕێتەوە بۆی. شای دارستان لە سەرجەم ئاژەڵە دڕندە و ڕاوکەرەکانی تر زیاتر لەسەر برسێتی و تینوێتی ئارامگریی هەیە.

شێر ١٨ بۆ ٢٠ کاتژمێر دەنوێت و ڕۆژانە ٨ کیلۆمەتر ڕێ دەکات، لەکاتی برسێتیدا لەوانەیە ٢٤ کیلۆمەتر بەدووی نێچیردا بڕوات و بگەڕێت.

هەر ڕەوە شێرێك ناوچەیەکی تایبەتی هەیە و بەبۆنەکەی جیادەکرێتەوە کە بەناوچە دیاریکراوەکەیدا بڵاویدەکاتەوە و بۆ دووریی نزیکەی ٤٠-٦٠ کیلۆمەتر بڵاودەبێتەوە، بەتایبەت ئەگەر نێچیر دەگمەن بوو.



## (٢٢) ئەسپێ (القمل-Lice)

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ آيَاتٍ مُّفَصَّلَاتٍ فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴾الأعراف/١٣٣.

واتە: ئێمەش بەڵای لافاو و کوللە و ئەسپێ و بۆق و خوێنمان بۆ ناردن (بەدەســت هــەر یــەکێك لــەو بەڵایانــەوە ماوەیــەك دەتلانــەوە و گیریــان دەخوارد) کەچی هەر خۆیان بە زل و گەورە دەزانی، تا بڵێی نەتەوەیەکی تاوانبار و تاوانکاربوون.

ئەسپێ لە مشەخۆرە تایبەتمەندەکانە، واتە هەموو ئاژەڵ یان مرۆڤێك وەك یەك توش دەکەن. تەنانەت تایبەتمەندی جێگایشی هەیە، ئەسپێی سەر وەك ئەسپێی دامێنی سك نییە.

ئەم زیندەوەرە لە مشەخۆرە هەمیشەییەکانە (سوڕی ژیانی بە هۆکاری ژینگەیی یان کاتی ناوەستێت)... کوێرە و پێیەکانی چڕنوکدارن. ئەسپێی شیردەرەکان یەك چڕنوکی هەیە و سەری بچوکە و دەمێکی ئاشکرای هەیە و لە جۆری مژەرە، ئەم زیندەوەرە هۆکاری کەم خوێنی دەبێت (ئەگەر توشبوونەکە بە توندی بوو).



ئەسپێی باڵندە دوو چڕنوکی بچوك و سەرێکی گەورەیان هەیە و کورتتریشن. هەردوو جۆرەکە هەر پێست خراپ و بریندار دەکەن.

هەزاران جۆر ئەسپێ هەیە و هەندێك جۆریان نەخۆشی (وەك ڕیكتسیا و بوریلیا) بۆ مرۆڤ و ئاژەڵان دەگوێزنەوە. ئەسپێ خوێنی ئاژەڵان دەمژێت و بۆ هێلكەدانان پێست كوندەكات. هەندێك جۆری ئەسپێ مشەخۆرییان لەسەر كۆئەندامی هەناسەدانە هەر لە لوتەوە تا سییەكان.

ئەم مشەخۆرە لە ژینگەی جیاوازدا دەژی، هەندێكیان لە خۆڵ و خاكدا لەنێو گژوگیا و گەڵا وەریوەكاندا، هەندێكیشیان لە ئاودا، جۆرێكی دیكەش هەن لەسەر لەشی ئاژەڵانی تر دەژین.

باشترین چارەسەری ئەسپێی سەری مرۆڤ كە دیسانەوە لە ڕێنماییەكانی پێغەمبەری خوایە لابردنی مووی سەرە.

خوای گەورە مۆڵەتی بەو كەسانە داوە كە ئازاری سەریان هەیە وەك ئەوەی بەهۆی ئەسپێوە بێت، بە لابردنی مووی سەریان لە حەج و عومرەدا. وەك دەفەرموێت: ﴿ وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْىِ وَلَا تَحْلِقُوا۟ رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْهَدْىُ مَحِلَّهُۥ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْىِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِى ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُۥ حَاضِرِى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾ البقرة/١٩٦.

## (٢٣) سەگ (الكلب–Dog)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۚ فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾الأعـراف/١٧٦. واتــە: خـۆ ئەگـەر بمانويسـتايە بـەو هۆكارانە بـەرزمان دەكردەوە، بـەڵام ئـەو خـۆی چەسپان بـە زەوييـەوە و (دەستيكرد بـە دونياپەرسـتی و) شـوێنی ئارەزووەكـانی كـەوت. نموونـەی (ئەو جۆرە كەسانە) وەكو سەگ وايە ئەگەر دەری بكـەيت و پياهەڵشـاخێی هەناسەبڕكێيەتی، يا وازی لێبێنيـت هـەر لـە هەناسـەبڕكێ ناكـەوێت، ئەمـە نموونەی ئەو كەسانەيە كە ئايەتـەكانی ئێمـە بـەدرۆ دەخەنـەوە، ئـەم جـۆرە بەسـەرهاتانە بگێـڕەرەوە بـەڵكو (داچڵەكێن و) بيربكەنەوە.



دەم دەرهێنـان و شـۆڕبوونەوەی زمانی سـەگ ئاسايی و تەندروستييە، چـونكە بـەو كـارە پارێزگـاری لـە ڕێكخسـتنی پلـەی گـەرمی لەشـی و پەسـتان دەكـات، هەڵمانـدنيش هـەر لـەڕێی زمانيـەوە ڕوودەدات و بـەوەش بەدەستهێنانی فێنكـی و فێنكبوونـەوە

بەدیدێت.

پەیوەستییەك لەنێوان هەستی بۆنكردن و هەستی چەشتندا هەیە، لەبەرئەوە زمانی بەدیاردەخات بەهۆی چلێسی و بۆنكردنی نێچیرەكەیەوە. بینراوە سەگ بەهۆی هەستی بۆنكردنەوە ترشە ناوەكییەكانی ئارەقی شوێنەواری پێیەكانی ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێت دەگرێت و بەوپەڕی وردییەوە شیدەكاتەوە.

ڕێنمایی پێغەمبەر (ﷺ) هەیە بۆئەوەی كاتێك سەگ دەمی لە دەفرێك وەردەدات حەوت جاران بە ئاو بشۆرێت و جاری هەشتەمیش بە خۆڵ بێت، چونكە سەگ لەخۆگرێكی گەورەی ڤایرۆس و مشەخۆرەكانە. ئەو زیندەوەرە وردانەش لە لیكەكەیدان (وەك مەیمونەكان)، پیسوچەپەڵی و میكرۆبی زۆری پێوەدەلكێت و دەگرێت چونكە مردوو و پیسی دەخوات، باسكردنی خۆڵ و گڵێش لەلایەن پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) بە مەبەستی پاكژكردنەوە (تعقيم) یە.

سەگ شەویلگەی درێژ و كەڵبەی تیژی هەیە بۆ پەرتكردنی گۆشت و ٤٢ ددانیشی هەیە. لەشی بەهێزە و پێیەكانی درێژن و ئامادەی ڕۆیشتنی خێران. ئەم ئاژەڵە هەستی بۆنكردنی بەهێزە، هەربۆیە بەكاردەهێنرێت بۆ ڕاو و ئاشكراكردن و دۆزینەوەی ماددە هۆشبەرەكان. گۆشەی بینینی تەسكە بەجۆرێك كە دەتوانێت لەدوورەوە ببینێت، ناتوانێت ڕەنگەكان لەیەكتر جیابكاتەوە چونكە ڕەنگ كوێری هەیە. هەستی بیستن لای سەگ دەگاتە لەرەلەری ٧٠هەزار بۆ ١٠٠هەزار (مرۆڤ لەرەلەری نێوان ٢٠ تا ٢٠هەزار هێرتز دەبیستێت). خەڵك سەگ بۆ پاس كردنی ماڵ و مەڕومالاتیان لە دز و گورگ ڕادەگرن.

پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە بدەین کە تەنها ڕاوی سەگی ڕاهێنراو حەڵاڵـــــــە. ﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمْۖ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُۖ فَكُلُوا۟ مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾المائده/٤. واتە: پرسیارتان لێدەکەن چی حەڵاڵە بۆیان؟ پێیان بڵێ: هەرچی خۆراکی چاك و پاکە بۆتان حەڵاڵە، ئەوەش کە باڵندە و تانجی شکاری بۆتان ڕاودەکەن و فێرتان کردوون، دە بخۆن لەوەی کە بۆتان دەگرن و ناوی خوای لـێ بێنن کاتێك کە بەرەڵای دەکەن، و کاتێك کە لێی دەخۆن، هەر لەخوایش بترسن و پارێزکاربن (ئەی ڕاوچییەکان)، بەڕاستی خوا بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات.

## (٢٤) هەنگ (النحل– Bees)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ النحـل/٦٨-٦٩. واتـە: پـەروەردگاری تـۆ (ئـەی مـرۆڤ) نیگـا و ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ کە جێگـا بـۆ خـۆی لـە کـون و کەلێنی چیاکاندا سازبکات، هەروەها لە کەلەبەری درەختـەکان و لەو شوێنانەش کـە مـرۆڤ بۆی ئامادە دەکات... پاشان (فێرمان کردووە کـە) لـە هـەموو بـەروبووم و (شـیلەی گـوڵان و شـتی بەسـوود) بخـوات، پێمـان ڕاگەیانـدووە، ئـەو نەخشانەی کە پەروەردگارت بۆی کێشاوی بە ملکەچییەوە ئـەنجامی بـدە، جا لەناو سکی ئەو هەنگانـەوە شـلەیەکی ڕەنـگ جیاواز دێتـە دەرەوە کـە شیفایە بۆ (زۆر نەخۆشی) خەڵکی. بەڕاستی ئا لەمەشدا بەڵگـە و نیشـانەی بەهێز هەیە بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە.

بڕوانـە ئایەتەکـە کـە لـەبارەی شـوێنگەی هەنگـەوە دەدوێـت: شـاخ و درەخت و ئەو جێگایانەی مرۆڤ خۆی بۆی سازدەکات... پاشان دەفەرموێت (ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ)، هـەنگ ئـەو سیفەتەی لەسـەرجەم مێرووەکـانی تـر جیاوازە بەوەی لـە هـەموو بەروبوومـەکان دەخـوات (تـرش و شـیرین) نـەك تەنها یـەك جـۆر بەروبووم. هـەموو ئەوەشـی بـۆ بەرهـەمهێنانی هـەنگوینی شیرینە.

(فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ) گوتارەکـە لێـرەدا ئاڕاسـتەی مێیەکانـە ئـەویش

هەنگە ئیشکەرەکانن بەو سیفەتەی ئەوان گوڵاو کۆدەکەنەوە و هەنگوین دروستدەکەن.

سەلمێنراوە کە ڕێگایەکی دیاریکراو هەیە سەرجەم ئیشکەرەکانی پێدا دەڕۆن، ئەویش ئەوەیە کە پێیدەگوترێت (سُبُلَ رَبِّكِ). تەنانەت سەمایەکی تایبەتی هەنگەکان هەیە بۆ لێك تێگەیشتنیان (جا لەبارەی بوونی شوێنی گونجاو بێت یان بوونی ئەگەری مەترسی).

(ئایا دەزانیت یەك کیلۆگرام هەنگوین پێویستی بە هەوڵ و کۆششی ١٥هەزار کاتژمێری کاری یەکبینەی هەنگ هەیە (واتە ساڵێك و پێنج مانگ)؟ بۆئەوەش دووری ٢٢٥ کیلۆمەتر دەبڕێت لەو نەخشەیەی خوا بۆی کێشاوە، بەڵام ئەم کۆششە کۆمەڵگای هەنگ بەهاوکاری و بەبێ ماندوبوون پێکەوە پێی هەڵدەستن. بۆیە خوای گەورە وشەی (ذُلُلًا) بەکاردێنێت، واتە فەرمانپێکراو و ڕامکراوە بۆ ئەم مرۆڤەی ڕێزمان لێگرتووە، تۆیش (ئەی هەنگ!) شەرابێکی ڕەنگ و جۆر جیاوازی بۆ دروستبکە.



هەنگ ٧٠٠ ڕەگەزی هەیە کە ٢٠ هەزار جۆر دەگرێتەوە.

درێژی گەورەترین جۆری هەنگ ٤ سانتیمەترە و بچوکترینیشیان ٢ ملی مەترە، تێکڕای درێژی هەنگی بەرهەمهێنی هەنگوین ٢ سانتیمەترە.

هەنگ مێروویەکی باڵدارە و لە کۆمەڵ و پورەدا دەژی و تەنیا دایکێکی هەیە ئەویش شاژنە کە دوو ساڵ یان سێ ساڵ دەمێنێتەوە و هەزاران هێلکە (گەرا) لەنێو خانە مۆمییەکاندا دادەنێت کە ئیشکەرەکان

دروستیدەکەن. ژمارەیەکی کەم نێرە هەن کە شاژن بەر لە دانانی هێلکە دەیپیتێنێت و پاشان دەمرێت.

لە گەراکانەوە کرمۆکەی بچوک دەردەچن و هەنگە ئیشکەرەکان چاودێرییان دەکەن و خۆراکیان پێدەدەن تا گەورە دەبن. هەنگ چزووی هەیە کە بۆ بەرگریکردن لە خانەکەی (پورەکەی) بەکاریدێنێت. ئەندامی پێوەدان لە چزوو و دەردراوێك پێکدێت کە لە کۆتایی سکی هەنگەکەدایە و لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر هەر بوونەوەرێکی هێرش بۆکراودا پێوەدەدات و ژارێکیشی لەگەڵدایە کە ڕژێنێکی تایبەت دەریدەدات. ئەم زیندەوەرە دەتوانێت تیشکی سەروونەوشەیی ببینێت کە مرۆڤ توانای بینینی نییە.

هەنگوین زۆر جۆری هەیە و بەپێی ئەو ناوچەیەی لێی کۆدەکرێتەوە و وەرزی کۆکردنەوەکە دەگۆڕێت، باشترین جۆری ئەوەیە کە لە بەهاردا کۆدەکرێتەوە. هەنگوین پێکدێت لە ٢٠٪ ئاو و ٧٩,٥٪ کاربۆهێدرات و ٠,٠٤٪ ڤیتامین B2 و ٠,٤٪ ترشی ستریك و کالیسیۆم و مس.

سوودە تەندروستییەکانی هەنگوین ئێجگار زۆرن، کەمێك لەوانە: چالاککارە، ئارەزووی خواردن زیاد دەکات، چارەسەرە بۆ نەخۆشی جگەر و یارمەتی لابردن و نەهێشتنی ژار دەدات. هەنگوین بۆ چارەسەری سوتاوی و قڵیشبردنەکان بەکاردێت و نەرمکاری پێستە و لە قڵیشان دەیپارێزێت. ئەمانە و چەندین و چەندین سوودی تەندروستی تر.

بۆ زانینی بەها و سوودی گەورەی تەندروستی هەنگوین هێندە بەسە کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت: ﴿فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ﴾.

## (٢٥) مێرووله (النمل- Ants)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ النمل/١٨. واتە: هەتا گەیشتنە دۆڵی مێرووله، مێرووله مێچکەیەك (هـاواری کـرد و) وتـی: ئـەهای مێروولەینـە بچـنە مـاڵ و کـون و کەلەبەرەکانتانـەوە نەوەکو سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن و هەستتان پێنەکەن.


ئایەتەکـە دەفـەرموێت مێروولـە لـە دۆڵەکانـدا دەژی. دەفـەرموێت: مێروولەکـە (النملـة) (کـە ئاماژەیـە بـۆ زۆرینـەی ڕەگـەزی مێروولـە کـە مێیـەکانن، ئیشـکەرن و دەنکۆڵـەکان کۆدەکەنـەوە)، گوتویـەتی: بڕۆنـە ژوورەوە بـۆ شـوێن و مەنزڵگـەکانتان تـاکو نـەمرن بـە تێکشـکان (واتـە نەشـکێن) لـەژێر پێـی سـولەیمان پێغەمبـەر (سـەلامی خـوای لێبێـت) و سـەربازەکانیدا. ئـەم گوتەیـەی بـە ئەدەبـەوە دەڵێـت و بیانوویـان بـۆ دێنێتـەوە: ﴿وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ واتـە ڕەعیـەتێکی گوێڕایـەڵ بـۆ سـەرۆك و حاکمەکەی.

ڕایەك هەیە دەڵێت دەستەواژەی (لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ) لێرەدا بەڵگەیە لەسـەر سروشتی جومگەیی لەشی مێروولـە (Arthropods) کە پێویستی بە تێکشکان (تحطیم) هەیە، چونکە جەستەی دەرەکیی لە ماددەیەکی ڕەقـی وەك شووشە پێکهاتووە کە پێیدەڵێن (کیتین-Chitin)... ئـەم ماددەیـە لـە پێکهاتنیـدا هاوشـێوەی مـاددەی پێکهاتـەی شـاخی ئـاژەڵان و سـم و

نینۆکە. هەروەها ئاشکراکراوە چاوی مێروولە سروشتێکی کریستاڵیی هەیە وەك شووشە بە ئاسانی ناشکێت، بەڵکو پێویستی بە تێکشکاندن هەیە.

لە هاویندا شەو و ڕۆژ مێروولە کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم و دانەوێڵە و پێداویستی خۆیان و بۆ وەرزی زستان خەزنی دەکەن... هیچکام لەو دەنکۆڵە گەنم و جۆ و بەروبوومانەی کۆیدەکەنەوە لەلانەکەیاندا گەشە ناکەن، چونکە دەنکۆڵەکان دەکەن بە دوو لەتەوە، ئەگەر وەها نەکەن قەد و ڕەگی ئەو تۆو و دەنکۆڵانە گەورە دەبن و ماڵ و لانەکەیان خاپور و وێران دەکەن.

ئەگەر مێروولە هەستی بە شێداربوونی دەنکۆڵە گەنمەکان کرد، دەیانباتە دەرەوە و لەبەر هەتاودا هەڵیاندەخات بۆئەوەی وشك ببنەوە. مێروولە تاکە زیندەوەرە بتوانێت لە کێشی خۆی زیاتر هەڵبگرێت.



## (٢٦) پەپوو (الهدهد– Hoopoe)

خوای گەورە لەسەر زمانی سولەیمان پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) دەفـــــەرموێت: ﴿وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَالِىَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ﴾ النمـــل/٢٠. واتـــە: (ســـولەیمان) کەوتـــە بەســـەرکردنەوەی دەستەو تاقمی باڵندەکان و وتی: ئەوە بۆ مـن پـەپوو نـابینم، یـاخود لێرە نییە و خۆی دزیوەتەوە؟!

پەپوو گەڕایەوە، خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ﴾ النمـــل/٢٢. واتـــە:



(ســولەیمان) زۆر چـاوەڕێی نـەکرد، (پـەپوو پەیـدابوو، یەکسـەر هـات و نیشتەوە و) وتـی: ئـەوەی مـن پـێم زانیـوە تـۆ پێـت نـەزانیوە، مـن لـە (وڵاتی) سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاسـت و دروستم بۆ هێناویت!!

عبداللـــــەی کـــوڕی عـــەباس گوتویەتی کە (پەپوو) لەنێو زەویدا دەبینێـــت... لـــە ئایەتەکەشـــدا دەبینین پەپووەکە لـە شـامەوە بـۆ یەمـــەن ســـەفەری کـــردووە بـــەنێو بیابانی حیجازدا تادەگاتـە بەنـداوی

مەئرەب لە وڵاتی سەبەئدا. ئەم باڵندەیە باشترین ڕێنمایکارە بۆ گەڕان بەدوای ئاوی شیرین لە بیابان و زەوییە وشك و چۆڵەکاندا.

(پەپوو) لە باڵندە ناسراوەکانە بە جوانییەکەی، درێژیی نزیکەی ٣٠ سانتیمەترە و دەنوکیشی ٥ سانتیمەتر. کڵاوێکی هەیە لە سەرەوە ڕەشە. ڕەنگی پەپوو قاوەییەکی سورباوە و پەڕی باڵەکان هێڵداری سپی و ڕەشن، کلکی ڕەشە و تەختەکەی سپییە.

ئەم باڵندەیە مێروو و کرمی زەوی دەخوات و لانەکەی لە جێگای جیاواز لە کەلێنی بەرد و قەدی درەختەکاندا بونیات دەنێت، بینایيەکی تیژی هەیە و خێرا دەفڕێت... ناسراوە بەوەی زۆرتر ترسنۆکە و هەر کە هەستی بە مەترسی کرد خۆی بە زەویدا دەکێشێت و وەك مردوو خۆی پێشان دەدات تاکو مەترسییەکە نامێنێت.



## سەرچاوەکان

١. تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمین
٢. موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم، عبدالرحيم الماردينى
٣. الإعجاز العلمي في القرآن الكريم، محمد سامي محمد علي.
٤. حقائق العلم الحديث (١–١٠)، عبدالرحمن العصافي.
٥. الإعجاز العلمي في القرآن، السيد الجميلي.
٦. موسوعة الإعجاز القرآني في العلوم و الطب و الفلك، د.نادية طيارة.
٧. مجلة الإعجاز العلمي، عدد (٣، ٤)
٨. الحيوانات في القرآن الكريم،